مۆنتسرات گیبرنا

# نەتەوایەتیو دەوڵەتی نەتەوەیی

وەرگێڕانی

کەمال ڕەشید شەریف

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری

سلێمانی ٢٠٠٣

مۆنتسرات گیبرنا
نەتەوایەتیو دەوڵەتی نەتەوەیی
سلێمانی ٢٠٠٣
زنجیرەی کتێبی بیر: (١٦)
ژمارەی سپاردن: (      )ی ساڵی ٢٠٠٢
بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)

## پێشەکی

ناسیۆنالیزم، ئەگەرچی لەم سەردەمەدا سەرلەنوێ خۆی نواندوەتەوە، بەڵام مێژوویەکی تارادەیەك کۆنی هەیە، بەتایبەتی شێوە کەلتوورییەکەی، چونکە شێوەی سیاسیی ناسیۆنالیزم پاش مودێرنێتەو دامەزراندنی دەوڵەت وردە وردە پێگەی خۆی مکوم کردوە، بەجۆرێ بیریاران شۆڕشی فەرەنسا بەخاڵی سەرەتای فۆرمۆڵە بەندبونی ناسیۆنالیزم لەقەڵەم دەدەن.

گیبرنا لەم نوسینەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکا کەجۆری هەلومەرجی مێژوویی- کۆمەڵایەتی- سیاسی لەسەرێکەوەو رەوشی دیدی ناسیۆنالیستیی وڵاتان لەسەرێکی ترەوە کاریگەرییان لەسەر ئاراستەگیریی وڵاتان هەیە. نوسەر تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزم لەڕوی سیاسییەوە شی دەکاتەوەو پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەت- نەتەوەدا دەردەخاو باس لەڕۆڵی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانیش دەکا: چ پەیوەندییەك لەنێوان ناسیۆنالیزمو دەوڵەت- نەتەوەدا هەیە؟ چ پەیوەندییەك لەنێوان ناسیۆنالیزمو کەلتورو ناسنامەدا هەیە؟ ئنجا باس لەڕەوایی، هاووڵاتی بوونو ناسیۆنالیزم وەك ئایدیۆلۆجیا دەکا.

ئەم نوسینە بەشی دووەمی کتێبێکە، بەناونیشانی ڕێبازەکانی ناسیۆنالیزم: ناسیۆنالیزمو دەوڵەت- نەتەوە لەسەدەی بیستەم دا، کە مۆنتسرات گیبرنا نوسیویەتیو ئەمیر مەسعود ئیجتهادی لەزمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسیو ناوەندی چاپو پەخشی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، ساڵی ١٩٩٩ بڵاوی کردووەتەوە. شایانی باسە کە گیبرنا لێکۆڵیارێکی سەنتەری توێژینەوەی پەیوەندییە نژادییەکانی زانکۆی وارویکە.

دەمێنێتەوە بوترێ کە ئەم بەرهەمە سەرجەم دیاردەکانی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی پێکاوەو خزمەتی زۆر بەو کەسانە دەکا کە دەیانەوێ لایەنە جیاجیاکانی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخ بزانن.

**مەکتەبی بیرو هۆشیاری**

لەپرۆسەی لێکدانەوەی ناسیۆنالیزم دا پێویستە دو رەهەندی بنچینەیی لەبەرچاو بگیردرێن. دەبێ تەماشای ئەو رێگایانە بکەین کە بەهۆیانەوە ناسیۆنالیزم هەم دەوڵەتی نوێی فۆرمۆڵە بەندی کردوە، هەم هەوڵ دەدا زاڵ بێ بەسەریا. لەبەرئەوە لێکۆڵینەوە لە ناسیۆنالیزم تەنها ناوەڕۆکە سیاسی‌یەکەی ناگرێتەوە، بەڵکو پێویستە بە شێوەیەکی تەواو شارەزایی‌ی ئەو رۆڵەش بین کە ناسیۆنالیزم وەك یەکێ لەسەرچاوە سەرەکی‌یەکانی ناسنامەی تاك لەجیهانی هاوچەرخدا دەبینێ. چەمکی نەتەوە دەکەوێتە نێوەنجی شەبەنگی چەندین ناسنامەی رەهاوە کە لەتاکەوە دەست پێ دەکاو بە هێزە جیهانی‌یە ئاڵۆزو دەسڕۆکان کۆتایی‌ی دێو بەگرنگترین توخمی ئەم شەبەنگەش دادەنرێ. لەو سیستەمە جیهانی‌یەدا کە دەوڵەتە نەتەوەیی‌یەکان بەئەکتەرە سیاسی‌یە سەرەکی‌یەکەی لەقەڵەم دەدرێن، ناوەڕۆکی تاکەکان بەزۆری سنوردارە، بەڵام شناسایی‌ی تاکەکان بەهۆی ئەو نەتەوانەی کەسەر بەوانن، دەبێتە مایەی بەرزی‌ی ئەم ناوەڕۆکە. وەك جینێر دەڵێ، پوکانەوەی رێژەیی‌ی مەزهەبە ((ئاسمانی))یەکان یارمەتی‌ی سەرهەڵدانی مەزهەبی مەدەنی داوە. مەبەستی جینێر بریتی‌یە لەپیرۆزبوونی چەند لایەنێکی تایبەتی‌ی ژیانی کۆمەڵایەتی لەرێگای مەراسیمی گشتی مەزهەبی‌و رێورەسمی ئافراندنی مەدەنی یان سیاسی‌و قوربانیدانی کەسانێك کە لەپێناو بەهێزکردن‌و مکۆمکردنی ناسنامەو نیزام لەکۆمەڵە ناهۆمۆجینەکاندا دارێژراون. لەم سۆنگەیەوە، کۆمەڵ بەهۆی دامودەزگاو مێژوە حەماسی‌یەکەیەوە، زەمینەی بەرزی‌ی خۆی دەڕخسێنێ[أ].

لەم وتارەدا ئاسایی باس لەچەند بابەتێکی تایبەت بە دەرکەوتنی دەوڵەت- نەتەوەو ئەو بیرۆکانە دەکرێ‌کە یارمەتی‌ی پەیدابوونی ناسیۆنالیزمیان لە ئەوروپای خۆرهەلاتدا داوە. هەروەها تەرکیز دەکەمە سەر ناوەڕۆکی سیاسی‌یانەی ناسیۆنالیزم‌و چاوێك بەپەیوەندی‌ی نێوان ناسیۆنالیزم‌و دەوڵەت- نەتەوەدا دەخشێنم‌و جەخت لەسەر رۆڵی ژیانی‌ی ناسیۆنالیزم لەپێناسەی نوێی رەوایی‌دا دەکەم. جگەلەوە، باس لەدوو شێوەی بنەڕەتی‌و جیاوازی ناسیۆنالیزم دەکەم کە یەکەمیان لەلایەن دەسەلاتدارانی دەوڵەتی نەتەوەیی وەك ئامرازێك بۆ یەکپارچەکردنی دانیشتوانەکەی بەکاردەهێنرێ‌و جۆری دووەمیان تایبەتە بەنەتەوە بێ دەوڵەتەکان، ئەوانەی بە بەشێك لەدەوڵەت- نەتەوەی گەورەتر

لەقەڵەم دەدرێن. من ڕێوشوێنی کاری هەردو جۆرەکەی ناسیۆنالیزم تاوتوێ دەکەم کەیەکەمیان هێزی دەوڵەت- نەتەوە بەکار دەهێنێو دوەمیان باس لەپەرەپێدانی ستراتیجیە بەرامبەرەکان لەپێناوی پاشەکشە پێکردنی ((دەوڵەتی بێگانە)) دەکات. لەکۆتاییی ئەم وتارەدا باس لەم خاڵە دەکەم کە ئایا دەتوانرێ ناسیۆنالیزم بە ئایدیۆلۆژیا دابنرێ؟ ئنجا دەست دەکەم بەهەڵسەنگاندنی توانای ناسیۆنالیزم لە خستنەڕوی تیۆرییەك کەبتوانێ یارمەتیی کارکردنی سیاسی بدا.

## پێناسەکان

بۆ لێکۆڵینەوە لەناوەڕۆکی ناسیۆنالیزم، پێویستە بەشێوەیەکی سەرەکی جیاوازی لەنێوان نەتەوە، دەوڵەت، دەوڵەت- نەتەوەو ناسیۆنالیزم دا بکەین. بەسود وەرگرتن لە پێناسەکەی ویبەر دەتوانرێ بوترێ ((دەوڵەت بریتیيە لەکۆمەڵێ مرۆڤ کە (بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە) بانگەشەی قۆرخکردنی سودوەرگرتنی ڕەوا لەهێزی فیزیکیی وڵاتێکی دیاریکراو دەکەن[ii]))، هەرچەند هەمو دەوڵەتێك لەئەنجامدانی ئەو کارەدا سەرکەوتو نەبوەو تەنانەت ژمارەیەکیان ئارەزوی هێنانەدیی ئەو مەرامەیشی نەبوە. مەبەستی من لە((نەتەوە)) بریتیيە لە کۆمەڵێ مرۆڤ کە هۆشیارییان لەبارەی پێکهێنانی کۆمەڵەکەی خۆیانەوە هەیە، رابردویەکی هاوبەشو پرۆژەیەکی هاوبەشیان بۆ ئاییندە هەیەو بانگەشە بۆ مافی حوکمڕانیی خۆیان دەکەن. لەم سۆنگەیەوە نەتەوە پێنج رەهەندی هەیە: سایکۆلۆجی (هەست کردن بەیەك گروپی)، کەلتور، خاك، سیاسیو مێژویی. بەرەچاوکردنی ئەم پێناسەیە، دەردەکەوێ کە زاراوەی ((نەتەوە)) جیاوازی هەیە لەگەڵ دەوڵەتو دەوڵەت- نەتەوە. دواتریش کە دێمە سەر لێکدانەوەی شێوە جیاجیاکانی ناسیۆنالیزم جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر باسەکە. مەبەستم لە((ناسیۆنالیزم)) خۆبەستنەوەیە بە کۆمەڵێك کە ناسنامەی ئەندامەکانی بەبیروباوەڕو رەوشەکانی ژیان دیاری دەکرێو خۆیان خاوەنی ئیرادەن لەبڕیاردان لەسەر چارەنوسی سیاسیی خۆیان.

جگە لەو زاراوانەی ئاماژەم پێدا، پێویستە پێناسەی زاراوەی دەوڵەت- نەتەوەش بکەم. دەوڵەت- نەتەوە دیاردەیەکی مودێرنەو بەهۆی فۆرمەڵە بەندیی جۆرە دەوڵەتێك دروست دەبێ. ئەجۆرە دەوڵەتە ئەوەی بۆخۆی پاوان کردوە کەرەوایە سود لەهێز لەچوارچێوەی سەرزەمینێکدا وەربگرێ کە سنورێکی دیاریکراوی هەیەو هەوڵی یەکخستنی هاووڵاتیانی ژێر رکێفی خۆی دەداو بۆ فۆرمەڵە بەندیی ئەو

یەکخستنە سود لەئامرازەکانی گشتی کردن، هێنانەکایەی کەلتورێکی هاوبەش، بەهاکان، ژیاندنەوەی خو و نەریتو ئەفسانەکانی بنجو بنەوان وەردەگرێ، تەنانەت هەندێ جار خۆی ئەم ئامرازانە دادەهێنێ. جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان نەتەوەو دەوڵەت- نەتەوە، ئەگەر نەتەوەو دەوڵەت هاوجوت نەبن (ئەم هاوجوتبونەش بەکردەوە بەدەگمەن رودەدا) ئەوەیە کە ئەندامانی نەتەوە پەی بەپێکهاتنی کۆمەڵی خۆیان دەبەن، لەکاتێکدا دەوڵەت- نەتەوە هەوڵی ئافراندنی نەتەوەیەكو پەرەپێدانی ئەو هەستە هاوبەشە دەدا کە لێیەوە سەرچاوەی گرتوە. نەتەوە خاوەنی کەلتورێکی هاوبەش، بەهاو نومای هاوبەشە، بەڵام دەوڵەت- نەتەوە هەوڵی ئافراندنی کەلتورێکی هاوبەشو پێکهێنانی بەهای هاوبەش دەدا. ئەندامانی نەتەوەیەك دەتوانن رابردوی هاوبەشی خۆیان ببینن، بەڵام ئەگەر ئەندامانی دەوڵەت- نەتەوە تەماشای رابردوی خۆیان بکەن، لەوانەیە وێنەیەکی سپی ببینن، چونکە دەوڵەت- نەتەوە لەرابردودا بوونی نەبووە یاخود رەنگە وێنەیەکی ناتەواو و شێواو ببینین، چونکە پێشتر ئەوانە سەر بە نەتەوەو نژادی جیاجیا بوون. ئەو هاووڵاتیانەی یەك نەتەوە پێکدەهێنن خاوەن هەستێکی تایبەتن بەرامبەر بە سەرزەمینی باوباپیرانی خۆیانو هەست دەکەن بەو سەر زەمینەوە بەستراون، لەکاتێکدا رەنگە دەوڵەتی نەتەوەیی زادەی پەیمانێك یان ئیرادەی ژمارەیەك سیاسەتمەدار بێ کە بڕیاریان دابێ هێڵی سنور لەنێوان وڵاتاندا بکێشن. ئەگەر تەماشایەکی نەخشە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپا بکەین دەبینین جیاوازیی‌یەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی ساڵی ١٨١٥ی ڤیەننا، پەیمانی ڤێرسای پاش جەنگی یەکەمی جیهان، گۆڕانکاریی‌یەکانی پاش تێکشکاندنی هیتلەر لەساڵی ١٩٤٥داو دوبارە فۆرمۆڵە بەندیی ئەوروپای پاش داڕوخانی یەکێتیی سۆڤیەت[iii].

هەرچۆنێ بێ تیۆری داڕێژەران لەکاتی داڕشتنی پێناسەکانیان بۆ ناسیۆنالیزم، وەك یەك جەخت لەسەر گرنگی لایەنە سیاسیی‌یەکان ناکەنو لەم سۆنگەیەوە کاتێك گلنەر دەڵێ ((ناسیۆنالیزم لەبنەڕەتدا بنەمایەکی سیاسیی‌یە کەپێیی وایە یەکەی سیاسیو نەتەوەیی دەبێ هاوجوت بن لەگەڵ یەکدا[iv]))، کەچی گایدنیز ئاماژە بۆ لایەنە سایکۆلۆجیی‌یەکەی ناسیۆنالیزم دەکا: ((وابەستەبوونی تاك بەزنجیرەیەك بەهاو باوەڕ بەپشت بەستن بەهەماهەنگی نێوان ئەندامانی یەك سیستمی سیاسی[v])).

بەڵام لەبەر ئەوەی گایدنیز بێ دەنگ بوو بەرامبەر بە خواستی تایبەتی ناسیۆنالیستەکان لە پێکهێنانی دەوڵەتی

تایبەتی خۆیان، ماکی سیاسی‌یانەی ناسیۆنالیزمی لەکەدار کـرد. هـەروەها کـۆهین پێناسـەیەکی سـایکۆلۆجی‌یانەی ناسـیۆنالیزمی دارشـتوە، واتـە ناسـیۆنالیزمی بـە ((بیرکردنەوەیەکی پڕ هەستی دڵسۆزی‌ی باڵای هاوولاتی‌یان بـۆ بـوونی دەوڵـەتی نەتـەوەیی[vi])) دانـاوە. ئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا بەرتەسـکترین پێناسـەیە، چـونکە ناسـیۆنالیزمی بەسـتۆتەوە بەدەوڵـەتی نەتەوەیی‌یـەوە. جگـە لـەوە کـۆهین بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ناسیۆنالیزمی گەلانی بێ دەوڵەتی لەم پێناسەیە دابڕیوەو بەمەش خـۆی لەیـەکێ لەبـەهێزترین روخسـارەکانی ناسـیۆنالیزمی ئـەم سـەردەمە گێـل کـرد. بەبۆچونی من، بۆ تێگەیشتن لەناسیۆنالیزم، دەبـێ گرنگـی بـدرێ بەمەسـەلەی تـاوتوێکردنی ئـیرادەو بـەجێهێنانی دەسرۆیی‌ی دەوڵەت، شان بەشانی ئاماژەکردن بۆ خوازیارانی پێکهێنانی دەوڵەت.

## بنەچەی نەتەوەکان

بنەچەی نەتەوەکان بەیـەکێ لەجـەنجاڵترین مەسـەلەکانی لێکۆڵینەوەی ناسیۆنالیزم بەگشتی‌و ئاسەوارە سیاسی‌یەکەی بەتایبەتی، دادەنرێ. لەم بارەیەوە دوو بابەت گرنگی‌یان هەیە: یەکـەم، وادادەنـێ کـە نەتـەوە دیاردەیـەکی سروشـتی‌یە. شلایرماخر بەجۆرە باس لەنەتەوە دەکا ((جۆرە دابەشبونێکی سروشتی‌ی نژادی مرۆڤە، کـە خوداوەنـد رەوشـتی خـۆی پـێ داوە)) هەروەها شلایرماخر دەڵێ چارەنوسی هەر نەتەوەیەك لـەرێگای رێکخسـتن‌و جێگـای تایبـەتی خـۆی لەجیهانـدا، سیمایەکی وێنای خوداوەند دەنوێنێ، چونکە ئەوە خوداوەندە کە ئەرکی دیاریکراوی هەر نەتەوەیەك لەسەر روی زەوی دیاری دەکاو رۆحێکی دیاریکراوی پێدا دەکا تا لەسایەی هەر یەك لەم بەهرە خوداوەندی‌یەوەو بەشێوەیەکی تایبـەت، بـۆ خـۆی شکۆو بەرزی بێنێتە دی[vii].

هێردێر لەگۆشەنیگای هەمان هەڵێنجانەوە هەر نەتەوەیەك بە سیمای خوداوەندو لەم سـۆنگەیەوە بـەپیرۆز دادەنـێ‌و لـەو باوەڕەدایە کە پێویستە هەموو نەتەوەیەك پەروەردە ببێ نـەك بەرەو نەمان بڕوا. جگەلەوە هێردێر نوسیویەتی: ((نەتەوە وەك گیاو خێزان، بەتەواوی سروشتی‌یە، تەنها ئەوەیـە لـق‌و پـۆی زۆرتری هەیە[viii])). دیدی کۆمـەڵناسی- بـایۆلۆجی‌ی ئـەم لێکۆڵینەوە دەری دەخـا کـە وابەسـتەبوونی نـژادی بریتی‌یـە لەپەرەسـەندن‌و درێژبونـەوەی پەیوەندی‌یـەکانی خێـزان‌و ئـەم پەیوەندی یانە بریتین لەئامرازێکی سروشـتی‌ی هێنانـەدی‌ی ئامانجـە بەکۆمـەڵـەکان لەپرۆسـەی ململانـێ لـەپێناوی مانەوەدا[ix].

بنەمای دیدی دووەم دەڵێ کە نەتەوەو ناسیۆنالیزم دو دیاردەی مودێرنن. گلنەر پێی وایە دەتوانرێ نەتەوە تەنها بەگوێرەی سەردەمەکانی ناسیۆنالیزم پێناسە بکرێ، نەك (ئەو جۆرەی کەدەشێ هەندێ کەس چاوەڕوانی بن) بەپێچەوانەوە. ئەو پارادۆکسێك دەزانێ کە بۆ چەندین جار دیمەنێکمان دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە. بێگومان دەرەنجامەکەی گلنەر لەم روەوە راستە: ((ئاشکرایە ناسیۆنالیزم سود لەتەرویجی بەرایی‌ی کەلتورەکان یان دەوڵەمەندبوونی کەلتور کە لەرێگای مێژوەوە بەمیرات ماوەتەوە وەردەگرێ، هەرچەند زۆر بەهەڵبژاردەیی مامەڵەیان لەگەڵ دەکاو زۆر جار، چەمکەکانیان لەبنەڕەتەوە دەگۆڕێ[x])). بە وتەی گلنەر دەتوانرێ ناسیۆنالیزم بە دەرەنجامێکی مەنتقی‌ی هەندێ لایەنی مۆدێرنیزەکردن لەقەڵەم بدرێو ئەم دیاردەیەش بەندە بەدەرکەوتنی کۆمەڵی پیشەسازی‌یەوە[xi]. گیدنز نەتەوەو ناسیۆنالیزم وەك مولکی تایبەتی دەوڵەتە مۆدێرنەکان دادەنێو دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم دەگەڕێنێتەوە بۆ کۆتایی‌ی سەدەی هەژدەهەمو پاشتر[xii]. هەروەها ئەندرسن دەڵێ نەتەوە یان ((نەتەوە بوون))و ناسیۆنالیزم بریتین لەئاسەواری دێرینی کەلتورو هەردوکیان لەکۆتایی‌ی سەدەی هەژدەهەم دا دروست بوون[xiii].

من وابۆی دەچم کە هەردو دیدگاکە کەموکوڕی‌یان هەیە. ئەو تیۆری‌و دیدگایانە لەسەر بنەمای ((سروشتی بوون))ی نەتەوەکان داڕێژراون، تێگەیشتنی باسەکە ئاسانتر دەکەن، چونکە هەمو جۆرە گروپە مرۆیی‌یەکان کە لەچوارچێوەی ئەو نەتەوانەی لەدێرزەمانەوە بوونیان هەبوە، پۆلێن دەکا. بەڵام ئەو تیۆری‌یانەی کە بەرگری لە مودێرن بوونی نەتەوەو ناسیۆنالیزم دەکەن، خۆیان لەڕیشەی جیاجیای کۆمەڵە نژادی‌یەکان کە لەشێوەی نەتەوەکاندا گۆڕاون‌و داواتر بوون بەدەوڵەت- نەتەوە (یان ئەم گۆڕانە بەسەریاندا نەهاتوە) گێل دەکەن. بۆ تێگەیشتن لەناسیۆنالیزم‌و نەتەوە، خراپ نیە بەراوردێکی هەردوکیان لەگەڵ شێوە سەرەتایی‌یەکانی جۆرو ئەمەکداری‌و ناسنامە گروپی‌یەکاندا بکەین. بە بۆچونی بارس Barth گروپەکان حەز ناکەن بەسودوەرگرتن لە خەسڵەتەکانی خۆیان، خۆیان پێناسە بکەن، بەڵکو پێیان خۆشە ئەم پێناسەیە لەرێگای نەفی‌کردنەوە، واتە بەراوردکردنی خۆیان بە ((بیانی‌یەکان))ەوە ئەنجام بدەن[xiv]. لەم گۆشەنیگایەوە دەبینین لەدەوروبەری سەدەی هەشتەمدا دانیشتوانی ئەو سەرزەمینەی ئەمڕۆ بە وێڵیز ناسراوە، لەوڵاتی خۆیان، لەپشت بەنداوێکی گەورە گیریان خواردبوو، گوایە بەنداوەکە لەلایەن بێگانەوە یان بە وتەی خۆیان لەلایەن دەرەکی‌یەکانەوە

دروست کرابوو. بەزمانی بێگانە بەوانە دەوترا ویلاس یان وێلش[xv]. کەواتە تەنها کاتێك دەتوانین حساب بۆ گروپە مرۆیی‌یەکان بکەین کە ئەو گروپانە پاش بڕینی پرۆسەیەکی دورودرێژ، بووبێتنە خاوەن ژمارەیەك خەسڵەتی ئەوتۆ کە دەدرێنە پاڵ نەتەوە (واتە هۆشیاری دەربارەی پێکهێنانی کۆمەڵەکەی خۆی، بوونی کەلتورێکی هاوبەش، وابەستەبوونی بەسەر زەمینێك کە خاوەنی سنوری دیاریکراوی خۆی بێ، خاوەن رابردویەکی هاوبەش‌و ئیرادەیەك بۆ بڕیاردان لەبارەی چارەنوسی سیاسی‌ی خۆیەوە بێ).

من نەتەوە بە دیاردەیەکی بەتەواوەتی مۆدێرن لەقەڵەم نادەم. ئەگەر چاوێك بەو گۆڕانانەی بەدرێژایی‌ی کات لەرێکخستنی کۆمەڵدا رویان داوە بخشێنین، دەبینین کە چۆن پاش داڕوخانی ئیمپراتۆری‌ی رۆماو پاشەکشەی پاشتری ئیمپراتۆری‌ی کارۆلین، ئەوروپای رۆژئاوا بۆ چەند تیۆڵ‌و وڵاتێکی بەرێژە بچوك دابەش کرا لەئەنجامی دەست بەسەرداگرتن، ژن‌و ژنخوازی‌و لکاندنی یەکە گەورەکانەوە دروست بوون‌و ئەم یەکانە، بەشێوەیەکی تایبەت لەئەنجامی شەڕوشۆڕ لەگەڵ گروپەکانی تردا هەستی ژیانی هاوبەشیان لەنێوان کۆمەڵی خۆیاندا پەرەپێدا. هویزینگا وا بۆی دەچێ کە جەنگی خاچ پەرستان لەجیاتی ئەوەی لەڕوی بیروباوەڕەوە ئەو کەسانە یەکخا کە بەهۆی جیاوازی زمان‌و نژادو ئەمەکداری‌یەوە پەرتەوازە ببوون، لەرێی ئامرازی جەنگ‌و رێکخستنی سوپاو شەڕی کەم تا زۆر پیرۆزەوە رێکی دەخستن. ئەو کەسانەی یەك دەخست‌و ئەم مەسەلەیەش بووە هۆی زیادکردنی دوژمنایەتی‌ی نەتەوەیی لەناو پەیڕەوانی مەسیحی‌یەتی لاتین دا[xvi].

جگە لەوە، لەسەردەمەکانی پاش تێکشکانی ئیمپراتۆری‌ی شارلمان دا پرۆسەی بەهێزبوونی یەك بەیەکی کەلتورە جیاجیاکانی ئەوروپا دەستی پێکردو شاکاری وەك ئاوازی رۆلاندو شیعرە حەماسی‌یەکانی سید وەك یەکەمین نمونەی دەستکەوتی کەلتوری نەتەوەیی لەدەوروبەرێکدا سەریان هەڵهێنا کەزمانە نەتەوەیی‌یەکان بەسود وەرگرتن لەئەلفوبێ‌ی لاتین بونە تاکە زمانی نوسینی نوخبەکان. لەو کاتە بەدواوە، هەرچەند زمانی لاتین هێشتا وەك زمانی سەرەکی لەلایەن زاناو پیاوانی ئایین‌و سیاسەتمەدارانەوە بەکار دەهێنرا، بەڵام زمانە نەتەوەیی‌یەکان وردە وردە لەناخەوە گەڵاڵە دەبون. لەم سۆنگەیەوە چوارچێوەی هۆشیاری‌ی نەتەوەیی‌و چەمکی نیشتمان (سەر زەمینی باو باپیران) لەئەوروپا لەدەوروبەری ساڵی ١١٠٠دا فۆرمۆڵە بوو و پەرەی سەند[xvii].

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵبژاردن لەنێوان تیۆریی ((سروشتی))و تیۆریی ((مۆدێرن))ی تایبەت بەبنەچەی نەتەوەکاندا، سمیس هەوڵیدا چەمکی ئەتنی یان کۆمەڵی نژادی هەڵبژێرێ. جگەلەوە سمیس کەوتە لێکدانەوەی ماهیەت، شێوەو ناوەڕۆکی ئەفسانەو سیماکانی ئەو کۆمەڵە نژادییانە، جگە لەبیرەوەرییە مێژوییو بەها مەرکەزییەکانی (سمیس ئەوانەی لەژێر ناوی ((ئەفسانە- نوما)) ریزبەندی کرد). بە بۆچونی سمیس ((کۆمەڵی نژادی نەك نەتەوە، خزمایەتیی نژادی نەك نەتەوە، نژادگەرایی Ethnicism نەك ناسیۆنالیزم پەرەی بەژیانی کۆمەڵایەتیو کەلتوریی سەردەمی کۆنو سەرەتای سەدەی ناوەڕاستی ئەورووپاو رۆژهەلاتی نزیك داوە[xviii])). هەرچەند لێکدانەوەکەی سمیس ئەوەی کە بە ((بنەچەی نژادیی نەتەوە)) ناوی دەباو یارمەتیمان دەدا بەئاسانی لەریشەی ئەو پرۆسەیە تێبگەین کە دەبێتە هۆی فۆرمەڵە بوونی نەتەوەکان، بەڵام دیسانەوە من پێناسەکەی سمیس بۆ نەتەوە، تایبەتی ئەو جیاوازییەی لەنێوان نەتەوە ((نژادی))و ((سەرزەمینییەکان)) کردویەتی، بە وردو دروست نازانم. بەڕای سمیس، بە نەتەوەی ((سەرزەمینی)) بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی پەیوەست بەسەرزەمینەوە کەچەند خەسڵەتێکی هەیە لەوانە، پابەندبوون بەیاساو یەکە مافناسییەکان- واتە چەمکی هاوولاتی بوونو کەلتوری هاوبەش-. لەسەرێکی ترەوە سمیس ئاماژە بۆ نەتەوەی ((نژادی)) دەکاو دەڵێ کە لەسەر بنەمای گریمانە دانراوە لەروی بنەچەو بنەوانو بنەماڵەی هاوبەشەوە کە لەساڵنامە یان کتێبە رەچەڵەك ناسییەکاندا رەنگی داوەتەوە[xix]. بە بۆچونی من پێویستە ئامادەیی خەڵك لەڕوی وابەستەبوونو دیاریکردنی ناسنامەی سۆزداری دەربارەی شتومەکەکانی دەرەوە یان وەك خەسڵەتێکی هەمیشەیی لەقەڵەم بدرێ کە ئاستو توندییەکەی بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێ، چونکە ئەمانە بابەتی دیاریکەری ناسنامەنو لەم سۆنگەیەوە پەیوەندیی خزمایەتی بریتییە لەیەکەمین قۆناغی پرۆسەیەك کە جێگای خۆی داوەتە چەند شێوەیەکی ئالۆزتری پرۆسەی دیاریکردنی ناسنامەو ئەمەکداری. سەدەکانی ناوەڕاست زەمینەی فۆرمۆڵە بەندیی گروپی گەورەتری وابەستە بە سەرزەمینێکی یەکپارچە رەخساند. لەمیانەی سەرهەڵدانی بازاڕ، زیادبوونی بازرگانی، هەلایسانی جەنگو پەرەسەندنی هێمنانەو بەردەوامی دەوڵەتدا، جۆرێك لە هۆشیاری دەربارەی فۆرمۆڵەبەندیی کۆمەڵێکی جیاواز لەگروپەکانی تر سەری هەڵداو کتومت لەم قۆناغەدا دەتوانین باس لەدەرکەوتنی نەتەوەکان بکەین.

پێکهاتنی ئەو نەتەوانە بەند بووە بەکۆمەڵێ هەلومەرجی مێژوویی تایبەت بەسەردەمو کاتی جیاوازو ژیانی سیاسیی هاوبەش، بەڵام هەر نەتەوەیەك دوای چارەنوسێکی سیاسیی جیا کەوتوە، تەنانەت ژمارەیەکیان پارچە پارچە بوون، بون بەدەوڵەت- نەتەوە یان دابەشبوونو خرانە پاڵ وڵاتانی تر. من بەش بەحاڵی خۆم ئەم واقعیەتە کە ژمارەیەك نەتەوە ماونەتەوەو دەوڵەتیان بۆ خۆیان دروست کردوەو ژمارەیەکی تر پارچە پارچە بوون یان خراونەتە سەر وڵاتە بیانییەکان بەجۆرێ لەرێکەوتی مێژوویی لەقەڵەم دەدەم.

## هاووڵاتی بوونو دەسەڵاتدارێتیی خەڵك

پێویستە پەیدابوونو نەشونمای دەوڵەتی نەتەوەییو ناسیۆنالیزم بۆ ئەوروپای کۆتاییی سەدەی هەژدەهەم بگەڕێنینەوەو بیبەستین بە ئایدیاکانی شۆڕشی ساڵی ١٧٧٦ی ئەمریکاو شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ی فەرەنساوە.

تێگەیشتنی من بۆ نەشونمای دەوڵەت- نەتەوە ئەمەیە کە دەوڵەت- نەتەوە، بەری پرۆسەیەکی فرە رەهەندییە کە پەیوەندییەکانی هێز لەکۆمەڵدا دەگۆڕێو توخمە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسەیەش بریتین لەپتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان یەکە سەرزەمینییەکان بەهۆی دەوڵەتە سەرکوتکەرە بیروکراتییەکان کە بۆ یەکەمین جار توانیویانە ئامرازەکانی توندوتیژی ناو وڵاتەکەی خۆیان پاوان بکەن، ئەو گۆڕانانەی سنور کە چوارچێوەی سنوری وڵاتە جیاجیاکانی بەڕونی دیاری کردوە، دەرکەوتنی چینی بورژوازی وەك چینێکی نوێ، بەتایبەتی لەروی پشت بەستن بەبیروباوەڕی رۆشنگەرییەوە، پێشوازیی لێکراو سەرەنجام رۆڵی نوێی ئەو دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوایانەی کە مەرامی سەرەکییان بریتی بوو لەبەدیهێنانی گۆڕانی بنچینەیی لەپەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتدارو خەڵك دا. پێش سەدەی هەژدەهەم، رەوایی مافی دەسەڵاتدارێتی بەند بوو بە پەنا بردنە بەرئیرادەی خوداوەندو پاشایەتی، یان بۆ زۆرتری هێزی ماددی. ئەم بەڵگانەش لەسەر ئەو باوەڕە دانرابوون کە گوایە رەوایی لەو توخمانەی سەرەوە سەرچاوە دەگرێ نەك لەلایەن خەڵکی ژێردەسەڵاتەوە. پاشترو لەئەنجامی بڵاوبوونەوەی بیرباوەڕی نوێی فەیلەسوفەکاندا، گۆڕانێکی ریشەیی رویدا، چونکە ئەو فەیلەسوفانە جەختیان لەسەر ستایشکردنی ئازادیو یەکسانی دەکردەوە، بەتایبەتی لەو باوەڕەدا بوون کەهێزی دەوڵەت لەرەزامەندیی گشتیی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ.

چەمکی هاووڵاتی بوون پەیوەندییەکی نزیکی بەدەسەڵاتدارێتیی خەڵکەوە هەیەو لەم سۆنگەیەوە، سەرەڕای

ئەوەی لەنەریتی یۆنانی- رۆمانیدا بناغەی هاوولاتی بوون بەهۆی نەریتو یاساو راهێنانو پەروەردەکردنەوە دارێژراوە کەچی وا پێویستی کرد تەرکیز بکرێتەسەر ئەمەکداری بۆ شارو ئەمەش نمونەیەکی ئالۆزتری سەدەکانی ناوەڕاستی پەیوەندییەکان فۆرمۆڵەبەندی کرد کەبۆ چەندین سەدە بووە کۆسپ لەبەردەم پەرەسەندنی چەمکێکی شایستە بەبەراورد لەگەڵ چەمکی هاوولاتی بووندا چونکە هەم کەنیسەو هەم فەرمانڕەوایانی شار داوای پشتیوانی ئەمەکداریی خەڵکیان دەکرد. هیتەر دووپاتی کردوەتەوە کەیەکێ لەگرژییە سەیرەکانی نێوان چەمکی ((مەزهەبی))ی ناسنامەو جەزبەکانی دەوڵەت- نەتەوەی نۆپادا، لەسەدەکانی ناوەڕاستو سەرەتای سەدە تازەکاندا رویداو لەم بارەوە نووسیویەتی: ((سەرەڕای ئەوەی شان بەشانی ئەو رەوتەی هاوبەستەگیی نەتەوەیی دەچینە پێشەوە، هەستی ناسنامەی نەتەوەیی یان ناوچەیی بەردەوامیی خۆی پاراستو گەیشتە ئاستێکی بەهێزو بەیارمەتیی بیرەوەریی نەریتە سەربەخۆکانو زمانە باوە جیاجیاکانەوە پارێزرا. تەنها لە ساتەوەختی قەیرانی نەتەوەییدا چەمکی ئەمەکداریی نەتەوەیی- بەشێوەیەکی کاتی- فریای خۆی دەکەوێو رێ لەبەرگوێ کەوتنی هاواری ناوچەییو خۆماڵی دەگرێ.

پیاوی فەرەنسایی سەدەکانی ناوەڕاست، یەکێ لەلایەنگرانی پاشایەتی کاپەسیان* بوو نەك هاوولاتییەکی فەرەنساییو لەم سۆنگەیەوە زاراوەی ((هاوولاتی)) بەتەواوی لەبار نەبوو بۆ وەسفکردنی پەیوەندیی تاکێکیی ئینگلیزو ولاتەکەی.

بەکردەوە ئەم زاراوەیە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، تایبەت بوو بەپەیوەندیی نێوان ئەو مافو ئەرکانەی بەشێوەیەکی ئازاد لەشارێك (بچوك یان گەورە) پەیڕەو دەکرا[xx].

لەسەدەکانی سیانزەهەمو چواردەهەم دا چەمکی هاوولاتی بوون لەئەنجامی رێنسانسی تیۆریی سیاسیی ئەرستۆو لەچوارچێوەی رۆڵێکی سیاسیدا زیندو کرایەوەو ئەم مەسەلەیە بەخێرایی بوە مایەی پەرەسەندنی چەمکی هاوولاتی بوون لەرێگای پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی بواری

---

*Capetian monarch:

بنەماڵەی پاشایەتیی فەرەنسا لەساڵی ٩٨٧ تا ١٣٢٨، واتە لەماوەی دەرەبەگایەتیی سەدەکانی ناوەڕاست دا فەرمانڕەواییی کردو پاشاکانی کاپەسیان بەهۆی مکۆمکردنو پەرەپێدانی دەسەلاتی خۆیانەوە بنەمای دەوڵەت- نەتەوەی فەرەنسایان دارشت (وەرگێڕ).

مێژوو و مافناسی رۆماندا. بارتۆلۆس فراتۆ لەلێکۆڵینەوەکانی خۆیدا سەبارەت بە بنەماکانی دەسەڵاتدارێتیی رۆماو یاسای باو ئەو ئەنجامە دەدا بەدەستەوە کە داب‌و نەریتەکانی رۆما ئەو باوەڕەیان پاساو دەکرد کە خەڵك بەشێوەیەکی گشتی دەبێ ئەوپەڕی هێزی دەسەڵات بگرنە دەست‌و تەنها لەو وڵاتەدا کەئەم مەسەلەیە دێتە دی، ئازادی هاووڵاتیانیش دێتە دی. بەڵام مارسیلیۆس پادوا بەگومانە لەوەی کە توێژە نزمەکانی کۆمەڵ مافی هاووڵاتی‌ی تەواوەتی‌یان هەبێ‌و باوەڕی وایە کەدەبێ دەستوری هەر دەوڵەتێك لەلایەن سەرجەم هاووڵاتیانەوە دیاری بکرێ‌و لێبڕاوانە هیچ حکومەتێك ناتوانێ بەبێ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی هاووڵاتیان، درێژە بەژیانی خۆی بداو مایەی پەسەند بێ [xxi].

لەسەدەی حەڤدەهەم دا جۆن لۆك زیاتر جەختی لەسەر پێویستی‌ی ڕەزامەندیی خەڵك لەسەر ڕەوایی‌ی حکومەت کردەوەو هێرشی کردە سەر پاشایی‌ی ڕەهاو ڕایگەیاند کەبوونی دەوڵەت بۆ ئەوەیە پشتیوانی لەئازادی‌و ژیانی هاووڵاتیانی خۆی بکاو پێویستە بەرونی‌و وەك مافێکی ڕەها ئەولەویەت بداتە پێداویستی‌و خواستەکانیان. هەرچۆنێ بێ تەوەری سەرەکی‌ی باسەکە بەخێرایی گوێزرایەوە بۆ سەر ئەم مەسەلەیە کەکێ ناتوانرێ وەك ((هاووڵاتی)) دانرێ، یان بەواتایەکی تر کێ دەبێ مافی ڕادەربڕینی هەبێ.

چەمکی دەسەڵاتدرێتی‌ی خەڵك لەسەدەی هەژدەهەمدا بۆ ((هەموو خەڵك)) خرایە ڕو، تەنانەت لە هەنگاوی یەکەم دا وادانرا کەپێویستە کەسانی بەئەزمون‌و ڕۆشنبیر ڕێنمایی‌ی خەڵکی بکەن‌و وردە وردە فێری ژیانی سیاسی‌یان بکەن. کاتێك هێزە شۆڕشگێڕەکان وتیان بەزەرورەت ڕەگی دەسەڵاتدارێتی لەمیللەتدایە، لەوانەیە ئەم بۆچونەیان وا لێکدرابێتەوە کە نەتەوە لەپاشاو بەگزادەکان باڵاترە. لەو سەروبەندەدا مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوە بووە یەکێك لە باوترین لێکدانەوەکانی دەسەڵاتدارێتی‌ی خەڵك: ((ناونیشانی سەرجەم ئەو دەوڵەتانەی لەسەردەمی بزاڤی هێزە شۆڕشگێڕەکاندا هەبوون، بەگوێرەی پرەنسیپێك کە لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوە پشتیوانی‌ی لێ دەکرا، خرانە ژێر پرسیارەوە چونکە ئەو دەوڵەتانە سەرچاوەی دەسەڵاتیان نەدەگەڕایەوە بۆ میللەت، بەڵکو بریتی‌بوون لەژمارەیەك دەستدرێژیکار بەجۆرێ کە هیچ ڕێککەوتنێك لەگەڵیاندا ئیلزامی‌و موعتەبەر نەبوو و ژێردەستەکانیش ناچار نەبوون بەیعەتیان بدەنێ [xxii])).

پرەنسیپە تازەکان شێوەیەکی نوێی سیاسەتیان خستە ڕو کە بەپێی ئەمانە دەربڕینی ئیرادەو پەیمانو ڕێککەوتننامەکان پێشێل کران، تەبەعییەت هەڵوەشێندرایەوەو هەمو یاسایەك لەگەڵ ڕاگەیاندنیدا بەڕەوا دانرا.

بەڵام بەهیچ کلۆجێ مەسەلەی بەدەستهێنانی مافی هاوولاّتی بوون بریتی نەبوو لە پرۆسەیەکی بەتەواوی لێبڕاو، چونکە لەناوەندە روناکبیری‌یە تایبەتەکاندا دەبینرا پشتیوانی لێدەکرێو توێژە نایابەکانی کۆمەڵیش بەرگری‌یەکی سەختیان بەرامبەری دەکرد. پێویستە بەدەستهێنانی مافی هاوولاّتی بوون وەك رەوتێك سەیر بکرێ کە لەئەنجامی سەرکەوتنی گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆن لەشۆڕشی فەرەنسا دەستی پێکرد، رەوتێك کە بەدەستێوەردانی دیکتاتۆرە عەسکەری‌یەکان لەکاروباری ولاّت (بۆناپارتیزم)و گەڕانەوە بۆ بەهاکانی پێش شۆڕشی ساڵی ١٨١٥ی فەرەنسا هەنگاوێك پاشەکشەی کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی ئامانجەکانی فەرەنسا لەمەیدانی هاوولاّتی بوونو حکومەتی دەستوری‌دا نمونەیەکی هێنایە کایەوە کە لیبراڵەکانی ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەم خواستەکانی خۆیان بەگوێرەی ئەوە فۆرمۆڵەبەندی کردبو، درێژەی بەبونی خۆی دا. ئەو هەلومەرجە خراپو نالەبارەی بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی‌یەوە دوچاری چینی پرۆلیتاریا ببوەوە، هەلو ئەنگێزەی نەشونماکردنی هۆشیاری‌ی سیاسی‌ی (بەهۆی پێکهێنانی ڕێکخراوی جیاجیاوە) رەخساند. ژمارەیەك لەم ڕێکخراوانەی خەباتی بۆ ریفۆرمی ئابوریو کۆمەلاّیەتی دەکرد، لەوانە یەکێتی‌یە بازرگانی‌یەکان. یەکێ لەو بەڵگە بەهێزانەی لەپشت سەرکەوتنی داخوازی‌ی ریفۆرمەوە بوون، بریتی بوو لەترس لەئاکامی توندی بەرگری‌ی بەردەوام،وەك هیتەر هەڵیهێنجاوە، بیروەری‌یەکانی ساڵی ١٧٨٩ روون بونو لە ئاکامی روداوەکانی ساڵی ١٨٤٨، لەهەموو رویەکەوە زیندو کرانەوە. بەدەستهێنانی مافی سیاسی، بەتایبەتی مافو ئەگەری بەشداربونی راستەوخۆ لەپرۆسەی حوکمڕانی‌دا، شتێکە کە دەبوایە خەبات لەپێناوی‌دا بکرێ. لەزۆربەی ولاّتە ئەوروپی‌یەکاندا، دانی مافی مەدەنی بەهاوولاّتیانی پیاو، ئەوانەی خاوەن ئاستێکی دیاریکراوی زەوی بوون، بەرتەسك دەبوو( لەساڵی ١٨٣٠ دانیشتوانی فەڕەنسا نزیکەی ٣٠ ملیۆن کەس بوو، لە کاتێکدا دەربارەی ڕێژەی دەنگدەران کە ڕێك دەگەیشتە ٩٠ هەزار کەس، موبالەغە دەکرا. بەڵام سەروەت، هەرچەندە بە سنوردارێکی بنەڕەتی‌ی بواری مافی هەڵبژاردن دادەنرا، بەڵام تەنها سنوردارکەر نەبوو، چونکە

مەزهەب بۆی هەبوو تارادەیەکی زۆر مافە مەدەنییەکان زەوت بکا، بەتایبەتی ئەگەر جولەکەیەك یا کاتولییەك لەولاتێکی پرۆتستاندا بژیایە. لەبەریتانیا، تا ساڵی ١٨٢٩ کاتولییەکانو تاساڵی ١٨٥٨ جولەکەکان چاوەڕوانی بەدەستهێنانی مافی دەنگدانیان کرد.

لە ئەمریکا مەسەلەی هاوولاتیبون، بەهۆی جۆری دەستورو کێشە یاساییەکانی تایبەت بە دەستورو پەیوەندی حکومەتی-فیدراڵیو دامەزراوە کۆیلەییەکان، ئاڵۆز بوو. لەساڵی ١٨٦٥ ریفۆرمکاری سێزدەهەم Thirteenth Amendment، پاش رەتکردنەوەی هەمو جۆرە هەلاوردنێکی بنەڕەتیی نێوان سپیو رەش، کۆیلەیەتی هەڵوەشاندەوە. هەروەها ریفۆرمکاری پازدەهەم، بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە پەسەند کرا: (( نابێ مافی هاوولاتیانی ئەمریکا بۆ دەنگدان لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یا هەرحکومەتێکی ترەوە، لەسەر بنەمای نژاد، رەنگ یا هەلومەرجی پێشوتری کۆیلایەتییەوە هەڵبسەنگێندرێ یا بەهۆی ئەم هۆکارانەوە سنوردار یا کورت بکرێتەوە[23])). هەرچۆنێ بێ، خەبات لەپێناو بەدەستهێنانی یەکسانیی تەواوی نێوان تاکی نژادو ڕەنگە جیاجیاکان، ناتوانێ لەجیهانی ئەمڕۆدا وەك تاقە ڕێگاچارە لە قەڵەم بدرێ، چونکە ئەم ئامانجە هاتوەتە دی.

مافی بەشداربون لەهەڵبژاردن بەشێوەیەکی سەرەکی لەدەورەبەری سالانی بەراییی سەدەیی بیستەم هاتە دی، بەلام ژنان درەنگتر لەپیاوان ئەم مافەیان بەدەستهێنا. یەکەمینی ئەو گروپانەی کە بەشێوەیەکی ئەکتیڤ بۆ پەرەپێدانی مافی ژنان خەباتیان کرد، بریتیبوون لەو گروپانەی کە راستەوخۆ پاش شۆڕشی فەرەنسا رێکخران. ماری گۆزی سەرۆکی یەکێ لەیانەکانی ژنانی پاریس، چەندین گوتاری لەژێر ناوی ((جاڕنامەی مافەکانی ژنان))، بەپێی ((جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤو هاوولاتیان)) کە ببوە بەڵگەی بنەڕەتیی شۆڕشی فەرەنسا، پێشکەش کرد[24]، بەلام کەمتر بەئیجابی لەلایەن سەرکردە شۆڕشگێڕە پیاوەکانەوە پێشوازی لێدەکرا. بۆیە سەرەنجام ماریگۆز لەساڵی ١٧٩٣ لەسێدارە درا. لەسەدەی نۆزدەهەم دا، بزاڤی فیمینیزم لەئەمریکا لەجاران زیاتر پێشکەوت. لەوبارەیەوە لەکۆبونەوەیەك لەسینیکافاڵس لەساڵی ١٨٤٨ رێکخراوێکی فیمینیستی لەبەیاننامەیەك بەناوی ((جاڕنامەی هەستەکان، دروستبونی خۆی ئاشکرا کرد. لەراگەیاندنی ئەم بزاڤەدا، هۆشیارانە ئیلهام لە ((جاڕنامەی سەربەخۆیی)) ئەمریکا (کەباسی یەکسانی

سەرجەم ژنانو پیاوان وەك راستی‌یەكی بەڵگە نەویست كردبوو)) وەرگرتبوو [xxiii]. سەرەڕای ئەو داهێنانە، دەستكەوتە راستەقینەكانی پەرەسەندنی هەلومەرجی كۆمەڵایەتیو سیاسی‌ی ژنان لەو ماوەیەدا زۆر كەم بوون تا لەماددەی ریفۆرمی نۆزدەهەمدا، لەساڵی ١٩٢٠ وەك پیاو، مافی بەشداربونی هەڵبژاردنی كۆمەڵایەتی بەژنانیش درا. كاتێك ناپلیۆن لەسەدەی نۆزدەهەمدا یاسای بەمەدەنی كردنی فەرەنسای دارِشت، راشكاوانە منداڵ، تاوانكار، شێتو ژنانی لەو مافە مەدەنی‌یانە بێ بەشكرد، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەشێك لەپێشێل كردنی مافەكانی ژنان لەمەیدانی بەشداربوون لەكاروباری گشتی‌دا دەردەخا [xxiv].

لەبەریتانیا نوسینەكەی ماری وۆڵستۆن كرافت لەژێر ناوی داواكاری‌ی مافەكانی ژنان لەساڵی ١٧٩٢ ناوبانگێكی زۆری پەیدا كرد. هەروەها ئەو كاتەی لەساڵی ١٨٦٦ داواكاری‌یەك بەئیمزای ١٥٠٠ ژن خرایە بەردەم پەرلەمان، پەرلەمان كەمتەرخەمی‌ی بەرامبەر بە داواكاری‌یەكە نواند، چونكە ئەو ژنانەی ئیمزاكانیان كردبوو داوای ئەوەیان كردبوو كە ریفۆرم لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بكرێ بەجۆری سەرجەم مافەكانی هەڵبژاردن بۆ ژنانیش رەچاو بكرێ. ساڵی پاشتر چەند كەسانێك لەوانەی بەرپرسیارێتی‌ی رێكخستنی ریفۆرمی هەڵبژاردنەكانیان كەوتبوە ئەستۆ، ئەنجومەنێكیان بەناوی ئەنجومەنی نەتەوەیی لەپێناوی مافی بەشداربوونی ژنان لەهەڵبژاردن دا پێكهێنا. لەراستیدا بەری خەبات بۆ دەستەبەركردنی مافەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، كێبڕكێ‌یەكی تاڵ بوو كە تەنها پاش جەنگی یەكەمی جیهانو لەسایەی ئەو رۆڵە ترسناكەی ژنان لەجەنگ دا هەیانبوو، مافەكانی هەڵبژاردنیان دابین كراو ئەنجامی باشی لێكەوتەوە. بەڵام ژنانی بەلجیك، فەرەنسا، ئیتاڵیاو ژاپۆن تا جەنگی دوەمی جیهان چاوەڕوان بوون، ئنجا هەمان هەڵكەوتیان لەوڵاتەكانی خۆیاندا بەدەستهێنا. كەچی وڵاتێكی پێشكەوتوی وەك سویسرا تا ساڵی ١٩٧١ ئنجا رێگەی بە بەشداریكردنی ژنان لەهەڵبژاردنە فیدرالی‌یەكاندا دا.

وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، پرۆسەی گوێزانەوەی تیۆری‌یەكانی مەیدانی دەسەڵاتدرێتی‌ی خەڵك، بەمافی بەشداربوونی هاووڵاتی‌ی پێگەیشتو لەهەڵبژاردنەكان لەسەر ئاستی جیهان، پێویستی بەخەباتێكی سەختو درێژخایەن كردو تێیدا بیروباوەڕەكانی ساڵی ١٧٨٩ پرۆسەیەكی هێمن بەڵام وروژێنەریان دەسپێكردو توانییان بەپلەی جیاجیا بۆ ناوچینە روناكبیرەكە لەسەرەتاداو پاشان بۆ ناو خەڵكی زۆری لەوڵاتە ئەوروپایەكان دزە بكەن. خەسڵەتێكی تری شۆڕشی

فەرەنسا کە پەیوەندیی بەم باسەوە هەیە بریتییە لە جەخت کردنە سەر پەروەردەو فێرکردن، کەبووە مایەی پێکهێنانی ((یەکەمین سیستمی هەمەلایەنەی پەروەردەو فێرکردنی نەتەوەیی بۆ پەروەردەکردنی نەوەی نوێ وەك هاوولاتیانێکی زانستخوازو نیشتمان پەروەر[XXV])). وەك هەستی پێ دەکرا، تەنها پەروەردەو فێرکردنی هاوبەش دەیتوانی یەکپارچەیی‌ی نیشتمان‌و یەکێتی‌ی هاوولاتیانەکەی بێنێتە دی.

ئەم چوارچێوەیە، ئەگەری هاتنەدیی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی (وەك ئامرازێکی تا ئەوپەڕی بەسود بۆ دوبارە چڕکردنەوەی ئەمەکداریی خەڵك، بۆ ناوەندێك جگە لە پاشا)) رەخساند. سیستمی پاشایەتی لەسەر بنەمای مافی خوداوەندی، بەتاقە هۆکارێکی نایاب بۆ پێکهێنانی وابەستەگی‌ی عاتفی لەبیری خەڵك دا دادەنرا. بەڵام وەك هیتلەر سەرنجی دا، ئەو جەماوەرە خەڵکەی کە مافی دەسەڵاتدارێتی‌یان هەبوو، بەدەگمەن دەیانتوانی ئەم کارکردە ئەنجام بدەن. پاشان نەتەوە، بەهۆی نوماو مەراسیمە مەزهەبی‌یەکانەوە کە چەمکێکی نوێیان لەبارەی((خەڵك))ەوە دەخستەڕو، بەرجەستەبوو و، بوە ناوەندێکی نوێی وابەستەگی. نەتەوە یارمەتی‌ی هاتنەدی ناسیونالزمی‌داو هەروەها یارمەتی‌ی دابەشبوونی ئەورووپای بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی داو ئەم دەوڵەتانە. بەهۆی نەتەوایەتیی‌و مافی یاسایی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەوە لایەنگری ئەوە بون کە پێناسەیەك بۆ هاوولاتی‌بون بدۆزنەوە، لەو سۆنگەیەوە، وەك هیتەریش سەرنجی داوە، شۆڕشی فەڕەنسا مۆرکێکی سیاسی‌یانەی دایە لایەنە کەلتوری‌یەکەی نەتەوایەتی‌و سەرەنجام بەدرێژایی‌ی سەدەی نۆزدەهەم پێکەوە گرێدانی ناسیونالیزم‌و دەسەڵاتدارێتی‌ی خەڵك، لیبراڵەکانی ناوەڕاست‌و باشوری ئەوروپای هاندا بۆ پیلان گێڕان‌و دروستکردنی نائارامی لەپێناوی هاتنەدیی ئامانجەکانی دەسەڵاتدارێتی‌ی خەڵك لە وڵاتەکانی خۆیاندا.[٢٩]

## کەلتوری نەتەوایەتی

باوەڕی پتەوو سەرەکی‌ی ناسیونالزمی رۆمانتیك ئەوەیە کە کەلتور، رەوشێکی تایبەتی ژیانەو ئەو یەکە کۆمەڵایەتیانەی گرنگی‌ی زیاتریان هەیە، بەزەرورەت لەلایەن نەتەوەوە گەلاڵە بوون‌و هاتونەتە ئاراوە. ئەمانەش بریتین لە بەرجەستەکەری هێزێك کەبەشێوەیە ئاسایی بەرۆح، مێشك یان فترەتی خەڵك( یان هیگل وەتەنی بە ماهی‌یەتی نەتەوە) ناو دەبرێ. زمان وەك رەنگدانەوەی تایبەتی نەتەوەیەك، بەئامرازێکی بەرداشتی تایبەتی ژیان‌و جیهان لەقەڵەم دەدرێ‌و شان بەشانی زمان پەرستی، مێژوپەرستیش پەیدا دەبێ. شانازی کردن بە ڕابردو،

ئەفسانەکانی بنەچەو بنەوان، نەریت، شێوەکانی ژیانو بیروباوەڕی تایبەتی خەڵك:(ناسیونالیزمی ڕۆمانتیك، کەلتور بەخاڵی دەستپێکردنی خۆی دادەنێ نەك دەوڵەت. هەروەها روناکبیرە ڕۆمانتیکییەکانی وەك هێردەر لە کەلتوری ئاست بەرزو ئاڵۆزی بیریارو نوخبەکانەوە رویان کردە کەلتوری سادەیخەڵکی ڕەشوڕوت.[xxvi]

نایپێردی بەدروستی ئاماژەی بۆ ناسیونالیزمی ڕۆمانتیك کردوەو دەڵێ کەدەتوانرێ وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بە دەسڕۆیی بیریارانی ئەوروپا (لایەنگرانی بنەمای دەسڕۆیی کەلتوریو ڕۆشنگەری بەشێوە فەرەنسییەکەی)و مەیلە ئیمپریالستییەکانی ژاکۆبینو ناپلیۆن(کە بەهۆی داگیرکردنو چەوساندنەوەی نەتەوەکانو هەڕەشەی یەکپارچەکردنو گرێدانی ولاتە ئەوروپییەکان بەخاکی فەڕەنساوە سەریان دەرهێنا ) لەقەڵەم بدرێ. بەڵام ناسیۆنالیزمی ڕۆمانتیك لەروی هاوجوتبوون لەگەڵ هەلومەرجی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان یان بەئاشکراو بەتەواوی رەتکردنەوەی دەوڵەتەکان بەهۆی نامیللی بونیان ئامادەگیی زیاتری هەیە. جەخت کردن لەسەر ناسنامەی کەلتور- زمان بۆ خەڵکی بێ دەوڵەت، بایەخو کارکردی جیاوازتری لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەبو کە لە دەوڵەتی نەتەوایەتیدا دەژیان، بۆنمونە ناسیۆنالیزمی ڕۆمانتیك کاریگەری یەکی قوڵی لەسەر کاتالۆنیا جێهێشت. ئەو کاتەی هێرشەکانی ناپلیۆن هەستی نیشتمانپەروەرانەی ئیسپانو کاتالانییەکانی وروژاند، مێژونوسە ڕۆمانتیکییەکانی ساڵانی ١٨٤٠ کەوتنە وێنا کردنی شکۆو مەزنیی رابردوی کاتۆلونیا. پاش ئەوەو لەنێوان ساڵانی١٨٣٣و ١٨٦٦دا جەنگێکی روناکبیرانە بۆ بوژاندنەوەی هێزی زمانو کەلتوری کاتالان، کەبە(رینسانسا ) ناوبانگی دەرکرد ، دەستی پێکرد. بەو جۆرە ناسیۆنالیزمی رۆمانتیك نەك تەنها یارمەتیی دروستبونی دەوڵەت- نەتەوە تازەکانی وەك ئەڵمانیاو ئیتالیایدا ، بەڵکو لەناو نەتەوەکانی ئەوروپای رۆژئاواشدا کە لە سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەییدا دەژیان، لەوانە فەڕەنسییەکان، نەشونمای کرد.[xxvii]

ئەوکاتەی ناسیۆنالیزمی شۆڕشی فەڕەنسا یەك رەهەندی سیاسیی گرتە خۆو داوای یەکسانیی بۆ هەموو پیاوان دەکرد( ئەم رەوتە هێشتا ژنانی نەگرتبۆوە)و جەختی لەسەر دەسەڵاتدارێتیی خەڵکی وەك تاقە رێگەی بەخشینی رەوایی بەدەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەکردەوە، بیرو باوەڕی رۆمانتیزمی جەرمەنی جەختی لەسەر خاكو خوێنو زمانی هاوبەش وەك توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوە دەکردەوەو ناوەڕۆكو گوڕو

تینێکی نوێی بەناسیۆنالیزم دەبەخشی. لەتاوتوێ کردنی ناسیۆنالیزم دا ناتوانرێ ناوەڕۆکە دولایەنەکەی ناسیۆنالیزم پشت گوێ بخرێو لەم سۆنگەیەوە کاتێك ئەگەری دامەزراندنی پەیوەندەی پتەو لەنێوان ناسیۆنالیزمو دەسەڵاتدارێتیی خەڵكو دیموکراسیو رەسەنایەتیی کەلتور لە ئارادا بێ، ئیتر فەرامۆشکردنی ناسیۆنالیزم لەلایەن رژێمە سەرکوتکەرەکانی وەك فاشیزمو نازیسمەوە نادروست دەبێ، چونکە ئەو رژێمانە هەوڵ دەدەن بەپشت بەستن بەنوماکانی نژاد- تەوەری ناسیۆنالیزمو( نمونەیەکی بیگەرد )ی هاوولاتی بوون هەستی ناسیۆنالیستی بەکار بهێننو ئەم هەستە بکەنە جۆرێکی تەواو پێچەوانەی ناسیۆنالیزم، بەجۆرێ خەسڵەتەکانی بریتی بێ لە فراوانخوازی، ئەنتی بێگانەیی، پەلهاویشتنو ستەمکاری.

تا ئێرە باسی پرۆسەی گەلاڵە بوونی، دەوڵەتی نەتەوەییی مۆدێرنم کردو جیاوازیی ئەمو دەوڵەتو نەتەوەم نیشان دا. ئەگەرچی زۆربەی تیۆری دارێژەران کەئەمڕۆ کاتێك باس لە(نەتەوە) دەکەن، بەتەواوەتی مەبەستیان دەوڵەتی نەتەوەیییە، بەڵام من بۆ خۆم دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەم وەك ئەنجامی پرۆسەیەکی چەند رەهەندی کەتوانی پەیوەندییەکانی دەسەڵات

لەکۆمەڵدا بگۆڕێو ئەم توخمە سەرەکیانەی دەگرتەوە: پتەوکردنی پەیوەندییەکانی یەکە زەمینییەکان بەهۆی دەوڵەتە تۆتالیتارە (بیرۆکراتەکان، گۆڕینی تخوبەکان بەسنور، دەرکەوتنو نەشونمای بۆرجوازی، رۆڵی نوێی فەرمانڕەواکان، بەتایبەتی بلاوکردنەوەی بیرو باوەڕی رۆشنگەرانە( تایبەت بە((دەسەلاتدارێتیی خەڵك)))کەسەرەنجام بوون بەمایەی فۆرمۆڵەبوونی ژمارەیەك یەکەی بەربلاوو ئەو یەکانە تەنها جارجارە دەستپێشکەرییان بۆیەکخستنی ئەندامانی نەتەوەی کەلتوری لەژێر ناوی دەسەلاتدارێتیی دەوڵەتدا دەکرد.

## دەوڵەتی نەتەوەییو دەسەلات

تاپێش سەدەی نۆزدەهەم، ئەوروپا بەمانای تەواوی وشە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی دابەش نەببوو( تەنانەت لەساڵی١٨٧١یشدا نەماندەتوانی زاراوەی دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەر ئەڵمانیاو ئیتاڵیادا دابڕین). بەشێوەیەکی تایبەت پاش ئەم خولە دەوڵەتی نەتەوەیی وەك یەکەیەکی دەسەلات بەمانای تەواوی وشە خۆی ڕێکخستولەچوارچێوەی نمونەیەکدا نەك تەنها بۆ ئەوروپای رۆژئاوا، بەڵکو لەسەرجەم بەشەکانی تری جیهانیشدا درەوشایەوە. لەسەدەی بیستەمدا، دەوڵەتی

نەتەوەیی لەشێوەی ئەکتەری سەرەکیی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا درێژەی بەژیانی خۆی داو دەوڵەتی نەتەوەییی سەربەخۆ، وەك نومایەکی سەرەکیی هەلومەرجی نێودەوڵەتیو دانی مافی هاتنە ناوکۆمەڵی جیهانییەوە تەماشا دەکرا.

وەك گیدنز ئاماژەی پێ دەدا، پێویستە زۆر بوونی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك کۆمەڵەی گەلانی پاش جەنگی یەکەمی جیهان وەك رواڵەتی پێویستی پەسەندکراو بۆ چاودێرکردنی کاریگەریی سیستمی جیهانیی دەوڵەتەکان لەقەڵەم بدەین کەنەك تەنها نەیتوانی پێشکەوتوویی دەوڵەتی نەتەوەیی وەك شێوەیەکی سیاسیی جیهانی سەردەمی ئێستا کەم بکاتەوە، بەڵکو یارمەتیی زیاتکردنی ژمارەی دەوڵەتی نەتەوەیشی دا. کاریگەریی پەرەسەندنی فاکتەرە سەرو نەتەوەییەکان* لەجیاتی ئەوەی هەڵکەوتی دەوڵەتی نەتەوەیی لەق بکا، بەهێزی کرد کەهۆیەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەهیچ دەوڵەتێك ناتوانێ سەربەخۆ بێ، مەگەر سەربەخۆییەکەی لەسیستمی دەوڵەتە سەربەخۆکاندا بەرەسمی بناسرێ. زۆر پێ لەسەر شناسایی یەکسانی وڵاتان دادەگیرێو پرۆسەکە بەند نییە بەو دۆخە راستەقینەیەی بەهۆی ئاستی هێزی وڵاتانەوە دروست بووە.[xxviii]

لەسەرتاپای پرۆسەی گەڵاڵە بونی دەوڵەتی نەتەوەییدا هێزی دەوڵەت رۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێو بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی هێزی دەوڵەتەوە سەرزەمینەکان لەڕێگای داگیرکردن یان لکاندنەوە یەك دەخرێن. بێ لەوە هێزی دەوڵەت زۆر پێویستە بۆ پێناسەکردنی دەوڵەتی مۆدێرن، لەسەر بنەمای سنوری ئاشکرای ئەو دەوڵەتە، جگە لە توانای دەوڵەت بۆ پاراستنی ئەو سنورە بەهۆی پاوانکردنی توندو تیژییەوە. ئەم توندوتیژییە نەك تەنها بەشێوەیەکی ئاسایی لەناو سنوری دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا جێبەجێ دەکرێ، بەڵکو وەك ئامرازێکی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی بەرامبەر بە بەرژەوەندیی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی تریش بەکار دەهێنرێ. هێزی دەوڵەت بەگوێرەی هاووڵاتیانی خۆی لەرێگای جیاجیاوە پراکتیزە دەکرێ: یەکەم لەڕێگای دانانو کۆکردنەوەی باجەوە، کەیەکێکە لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتو گرنگیی زیاتری هەیەو ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیانی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. دووەم، دەوڵەت لەمەسەلەی دانانی مافو ئەرکی هاووڵاتیان

---

supranational. *

بەرامبەر بەخۆی‌و هاوولاتیانی تردا، هاوکات هەم دەسەلاتیان دەداتێ‌و هەم سنورداریان دەکا. سێهەم، دەولەتی مۆدێرن قەرزاری پەرەسەندنی تەکنەلۆجیایە، چونکە تەکنەلۆجیا تواناکانی دەولەتی بۆ کۆنترۆلکردنی هاولاتیان دەستە بەرو زیاد کردوە. پەرەسەندنی دەولەت یارمەتی‌ی پرۆسەی پۆلێنکردنی هاوولاتیانی بەپێی رەگەز، دارایی، مەزهەب، تەمەن‌و.. داوەو زەمینەی جیاوازی‌کردنی لەنێوان خەلکانی تەندروست، نەخۆش، شێت، بەرهەمهێن‌و نابەرهەمێندا رەخساندوە. شایەنی باسە کەئەوانە وا دەکەن دەولەت لەژیانی رۆژانەدا ئامادەگی‌ی زیاتری هەبێ.

جگە لەوە، دەولەتی مۆدێرن توانای کۆنترۆلکردنی دو توخمی هەیە، کە ئەم دو توخمە بەهۆی ئەو ڕۆلەی بۆ بنیاتنانەوەو گۆڕینی کەلتور هەیانە، بایەخی زۆریان لەبەگشتی‌کردنی دانیشتوانی ولاتدا هەیە.لەم سۆنگەیەوە گلنەر جەخت لەسەر گرنگی‌ی بێ وێنەی کۆنتاکت‌و کەلتور (دو خەسلەتی کلیل ئاسای تیۆری‌یەکەی گلنەر سەبارەت بەناسیۆنالیزم)لە کۆمەلی پیشەسازی‌دا دەکاتەوەو نوسیویەتی: (ئێستا کەلتور هۆکارێکی مەلزوم‌و هاوبەش‌و مایەی ژیان‌و ڕەنگە بەپێچەوانەوە، بەلایەنی کەم ئەو فەزا هاوبەشە بێ کەلەهەناوی‌دا تاك تاکی ئەندامانی کۆمەل دەتوانن هەناسە بدەن، درێژە بەژیانی خۆیان بدەن‌و زاوزێ بکەن). [xxi x] بەلام کەلتور(بەقسەی گلنەر) بێ روپۆشی سیاسی، واتە بێ دەولەت ناتوانێ درێژە بەژیان بدا. گلنەر وای بۆ چوە کە (خودی دەولەت مەسەلەی کۆنترۆلکردنی گرنگترین پیشەسازی‌ی ئەم سەردەمەی، واتە بەرهەمهێنانی مرۆڤی کاراو خۆبژێوی لەئەستۆی خۆی گرتوە). [xxx]

دواجار، توانای پێویست بۆ جەنگ کردن نمونەیەکی بالایە بۆ ڕەوشی بەجێهێنانی دەسەلاتی دەولەتێك لەو دیوی سنورەکانی‌داو پێویستە بیرمان نەچێ کە دەولەتی نەتەوەیی بەشێکی گرنگی خۆی بە قەرزاری ئەم راستی‌یە دەزانێ کەئێمە لەجیهانێکدا دەژین کەلە ڕوی سیاسی‌یەوە وەك ئەو دەولەتە نەتەوەیی‌یانەی لەباری کێبڕ کێدان، ڕێکخراوە.

یەکێ لەتوخمە دانەبڕاوە پێویستەکانی دەولەتی مۆدێرن بریتی‌یە لەرەوایی دان بەدەسەلاتی خۆی. دیموکراسی کەبەری بیروباوەڕی پەیوەندیدارە بەیەکسانی‌و ئازادی‌و دەسەلاتی خەلك، سەرەتا لەلایەن لیبرالیزم‌و پاشان لەلایەن چەند بیروباوەڕێکی وەك مارکسیزم، لەڕۆژئاوادا وەك((باشترین رەوشی حکومڕانی‌کردن لەلایەن سەرجەم خەلکەوە پێشوازی لێکرا. دولێکدانەوەی جیاواز بۆ دیموکراسی‌ی مۆدێرن هەیە،

لەسەرێکەوە، بۆچونی مارکسیستی کەهەوڵ دەدا سەرچاوەی بەشداربوونی دیموکراسی‌یانە بەگوێرەی دینامیکی‌یەتی چینەکان رون بکاتەوە. سەرمایەداری‌و ململانێی چینایەتی زەمینەیان بۆ هاتنەدیی( ئازادی‌یەکانی بۆرجوازی) (کۆمەڵێك ئازادیی سیاسی‌و مەدەنی) خۆشکرد. ئەم ئازادی‌یانە وەك ژمارەیەك مافی جیهانی بەپێی ئەو بنەمایەی کەدەبێ تەواوی مرۆڤایەتی لێ یان بەهرەمەند بێ، خرانەڕو. جگە لەوە بیرمەندەکانی تری وەك بێندکس هەوڵی ئەوە دەدەن کە بیرۆکەیەکی ئەنتی مارکسیستی بخەنەڕو، ئەمانە وای بۆ دەچن کە: (کاتێك خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسی‌و مەدەنی‌یەکان لەچەند بڕگەیەکی مێژویی‌دا، پێکدادانی چینایەتی‌ی لێ کەوتەوە، خەباتی جۆری یەکەمی بەکردەوە سەرخست...و بەم پێ‌یە ئەو ململانێ‌یەی کەبەلای مارکسەوە بەنمونەیەکی بنەڕەتی‌ی پێکدادانی چینایەتی‌ی ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەم لەقەڵەم دەدرا، ئێستا بوەتە خەباتی ئەو گروپانەی کە بێ بەشن لە ئەندامێتی‌ی تەواوی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ بەشێوەیەکی دیموکراتی)).[xxxi]

پەرەسەندنی هۆشیاریی گشتی لەو روەوە کە دەسەڵاتی سیاسی پشت بەتوانا بەکۆمەڵەکان دەبەستێ، پێویستە وەك یەکێك لەخەسڵەتە بنەڕەتی‌یەکانی سەردەمەکەمان بناسرێ.

ئەوەش پاڵ بەدەوڵەتە مۆدێرنەکانەوە دەنێ تا ئیرادەی خەڵك بەرجەستە بکەن. بەڵام نەك تەنها ئەو حکومەتانە کەبەهۆی دانی مافی هەڵبژاردنی گشتی‌یەوە هەڵبژێردراون، داوای ئەو ڕەوایی‌یە دەکەن کەئێمە ئێستا باسی لێوە دەکەین، بەڵکو حکومەتە هەڵبژێردراوەکان بەهۆی ئامرازی جێ گومان وتەنانەت حکومەتە دیکتاتۆری‌یەکانیش دەڵێن گوایە ئیرادەی هاوڵاتیانی خۆیان بەرجەستە دەکەن.

## دەوڵەتی( ڕەوا )و( ناڕەوا )

دیموکراسی بریتی‌یە لە حوکمڕانی‌ی گەل‌و ڕەنگە مافی دیاری کردنی چارەنوس بەدوا دەستکەوتی لەقەڵەم بدرێ. لەم سۆنگەیەوە پێویستە دەوڵەتی(ڕەوا)و(ناڕەوا) لەیەکتر جیا بکەینەوە. مەبەست لەدەوڵەتی(ڕەوا) ئەو هەلومەرجەیە کەتێیدا دەوڵەت‌و گەل رازی‌و هاوجوتن بەڵام مەبەست لەدەوڵەتی (ناڕەوا) ئەو دەوڵەتەیە کەلەخاکەکەی خۆیدا، نەتەوەی‌تر یان بەشێك لەنەتەوەکانی تری لەخۆ گرتبێ. ئەم جیاوازی‌یە لەتوێژینەوەکەی مندا گرنگی‌یەکی بنەڕەتی‌ی هەیە، چونکە پەرەسەندنی هەمو جۆرە جیاجیاکانی ناسیۆنالیزم بەندە بەم جیاوازی‌یەوە.

ئەگەر تەماشای دۆخی یەکەم بکەین( لێرەدا گەل‌و دەوڵەت هاوجوتن) بۆمان دەردەکەوێ کەناسیۆنالیزم وەك ئامرازێکی

گشتی کردنو زیادکردنی ئاستی هاوبەستەگی‌ی دانیشتوان، بەدڵی دەوڵەتە. نابێ وا بڕوانین کە پەیوەندی‌ی دەوڵەت بەهاوولاتی‌یانەوە بەتەواوەتی پەیوەندی‌یەکی سیاسی‌یە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندی‌یە سیاسی‌یە، وەك دەرکەوتەیەك، پەیوەندی‌یەکی فرە ڕەهەند دەبینرێ کەلەچەمکی فۆرمۆلەبەندی نەتەوەیەكو بوونی وەك کۆمەڵێك (کەسەرجەم یان هەندێ لەو توخمە کۆمەلایەتی‌یانەی خوارەوەی تێدایە) وەرگیراوە: کەلتور، خاك، ئابوری، زمان، ئایینو هتد.

لەئەنجامی ئەم مەسەلەیەدا جۆرە کەسایەتی‌یەك دروست دەبێ( "ئینگلیزبوون"، "ئەڵمانی بوون") کەجەخت لەسەر خەسڵەتی هاوولاتیانی نەتەوەیەکی تایبەت، بەبەراورد لەگەڵ خەسڵەتی نەتەوەکانی تر، دەکا. لەم پڕۆسەیەدا ناسیۆنالیزم سود لەتوخمەکانی پێشوتری کەلتوری نەتەوە وەردەگرێ، نەك تەنها نەریتەکان دەبوژێنێتەوە، بەڵکو خودی خۆی نەریتی نوێ دەخولقێنێو تەنانەت دەشیانگۆڕێ. ناسیۆنالیزم هەمیشە لەوکۆمەلانەدا دەرناکەوێ کەدەوڵەت هاوجوتی گەلە، بەڵکو لەو کۆمەلانەدا دەردەکەوێ کەبیری نەتەوەیی دژەی کردۆتە ژیانی ڕۆژانەی دەوڵەتی نەتەوەیی‌و تەنها لە هەلومەرجێکی دیاری‌کراودا، واتە ئەوکاتەی هاوبەستەگی‌ی دەوڵەت-نەتەوە دەکەوێتە مەترسی‌یەوە یان کاتێك هەست بەبەرگری‌کردن لەهەندێ بەرژەوەندی دەکرێ، ئەوکات ناسیۆنالیزم لە هێڵی پێشەوەدا دەردەکەوێ(بۆنمونە، کاردانەوەی هاوولاتیانی بەریتانیا لەجەنگی فۆلکلاند).جگە لەوە پەنا بردنە بەر ناسیۆنالیزم سودی بۆ سیاسەتمەدارێك هەیە کەهەوڵی پاساوکردنی ڕێبازەکەی خۆی دەدا، بۆ نمونە: (ناسیۆنالیزم بۆ ولاتی ئێمە باشترینە)، (ولاتی ئێمە هەنگاو بەرەو دواوە نانێ).

بەڵام هەلومەرجی دەوڵەتی(ناڕەوا) زۆر جیاوازە.کۆبونەوەی نەتەوە جیاجیاکان یان بەشێکی جیاوازی نەتەوەکان لەناو سنوری یەك دەوڵەتدا بەزۆری بواربۆ دەسڕۆیی‌ی نەتەوەیەك بەسەر ئەوانی تردا دەڕەخسێنێ. گرفتەکە لێرەدایە کەئەوەی دەبێ لەڕوی تیۆری‌یەوە ڕێگا چارەیەکی گونجاو بێ( وەك هەلومەرجی چەند نەتەوەیەك کەپێکەوە لەژێر رکێفی دەسەلاتی دەوڵەتێکدا دەژین کە دادپەروەرانە کاروباری هەمولایەکیان ئەنجام دەدا) زۆر جار دەگۆڕێ بۆ هەلومەرجێك کەتێیدا دەوڵەت سەرجەم نەتەوەکان یان بەشێك لەو نەتەوە جیاجیایانەی ژێر رکێفی خۆی بەچاوێکی یەکسان تەماشا ناکا. ئەگەرچی هەمو ئەو کەسانەی لەسنوری خاکی دەوڵەتێکدا دەژین(بەهاوولاتی) ناودەبرێنو مافو ئەرکی یەکسانیان هەیەو وەك یەك ناچارن یەك جۆر پاسپۆرت

هەڵگرنو بەگوێرەی یاسا باج بدەن، بەڵام جۆرە هەڵاواردنێك هەیە کەلەم واقعی‌یەتەوە سەرچاوەی گرتوە کەدەوڵەت وەك لەنمونەکەی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا (واتە هاوجوت بوونی گەلو دەوڵەت) لێکمان دایەوە، هەوڵ بۆ ڕەخساندنی کەلتورێکی هاوبەش، کۆمەڵێ نوماو بەهای هاوبەشو بەدواداچونی بەرنامەی گشتی کردنی هاوولاتیانی دەدا. هۆیەکەیشی ئەوەیە کەدەوڵەت بۆ پاراستنی ڕەوایی‌ی خۆی، هەڵپەی ئافراندنی یەك نەتەوە دەدا. سەربار، حوکمڕانی کردن کاتێك هەستی هاوبەش لەنێو خەڵکی ژێر رکێفی ئەو حکومەتەدا هەبێو گەشە بە پەیوەندی‌یەکان بدرێ، هەمیشە لەحوکمڕانی کردنی سەرتاپا سیاسی ئاسانترە.

بەڵام، ئەگەر بارودۆخ لەزۆربەی دەوڵەتە نەتەوەی‌یەکانی ئەوروپادا بەو جۆرە بێ، ئەوا خاڵێکی تر خۆی قوت دەکاتەوە کەبریتی‌یە لە بنەچەی فورمۆڵەبونی زۆرێ لەولاتانی پاش سەردەمی ئیستعمار( یان "نەتەوە-دەوڵەتەکان") چونکە بناغەی ئەم" نەتەوە- دەوڵەتانە" بریتی بوو لەو دەزگا دەوڵەتی‌یانەی کەلەبنەڕەتەوە لەلایەن کۆمەڵی ئیستعمارگەرو بەبێ رەچاوکردنی یەکە کەلتوری‌یەکان هەناویان، دامەزرێندران. لەو هەلو مەرجەدا ناسیۆنالزم بەزۆری رۆڵێکی گرنگی لە ئەکتیڤ کردنی ئەو بزاڤە کۆمەلایەتی‌یانەدا بینی کەتامەزرۆی دەسەلاتی دەوڵەتی فیدراڵی سەربەخۆ بوون. بەڵام کاتێك ناسیۆنالیزم بوە ئامرازێکی دەستی ئەو نوخبانەی هەوڵی دەسەلاتی دەوڵەتیان دەداو هەروەها پاش ناتوانایی‌ی ناسیۆنالیزم لەداڕشتنی یەك ((ئەفسانەی تایبەت بە بنەچەو بنەوان)) واتە ئەو خەسڵەتو باوەڕانەی کە هاوولاتیانی دەوڵەتێك_ هاولاتیانێ کە خوویان بەکەلتورە جیاجیاکانەوە گرتوە _ ئاشنایەتی‌یان لەگەڵ دا هەیە، پاش ئەمە گرفتی زۆر سەری هەڵدا.

هاوجوت نەبوونی نەتەوەو دەوڵەت دو ئەنجامی بەدواوە دەبێ: یەکەم، ڕەنگە دەوڵەت سەرکەوتو بێ لەهەوڵەکانی بۆ هاوتا کردنی  ئەو نەتەوانەی لەناو خاکەکەیدا دەژین، کە خۆی لەخۆی‌دا واتای لەناو بردنی کەلتوری کەمینەکانی ترو بەستنەوەی ئەم کەمینانە بەکەلتورە سەرەکی‌یەکەوەیەو. مانای پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی‌ی هەماهەنگ دەگەیەنێت.بەڵام ئەگەر دەوڵەت نەتوانێ کەمینە نەتەوەیی‌یەکان هاوتا بکاوئەم کەمینانە وەك پوازێکی "بێگانە" تەماشای دەوڵەت بکەن، چی رودەدا؟ لەوهەلومەرجەدا تاك هەست "بەنامۆ" بوونی خۆی دەکاو دەوڵەت بەلایەوە بێگانەیە. "بێگانە بوون " لەدەوڵەت مانای پشتگیری نەکردنە لەرێبازو بەرژەوەندی‌یەکانی "دەوڵەتی

بێگانە". لەمەش گرنگتر تاکی "نامۆ" وەك "زۆردار"ێك دەڕوانێتە دەوڵەتو لەم سۆنگەیەوە بەئاسانی دەتوانێ پەرە بەهەستی بەهێزی پەیوەندی کردنی لەگەڵ ئەندامانی کەمینەکەی خۆی دژ بەهەر پرۆسەیەکی لەناوبردن بدا کە لەلایەن دەوڵەتەوە بکرێ. لەهەلومەرجی لەم جۆرەدا کەمینە نەتەوەیی‌یەکان بۆپاراستنی مانەوەی خۆیان، ستراتیجی تایبەت بۆ پاشەکشە کردنی بە پرۆسەکان لەناوبردنی دەوڵەت دەگرنە بەرو بۆ روبەڕوبونەوەی ئەوناسیونالیزمەی لەلایەن دەوڵەتەوە پەیڕەو دەکرێ، ناسیونالیزمی(( نەتەوەکان)) کە بەڕواڵەت سەر بە دەوڵەتە دەردەکەوێ. ئەرکی سەرەکی‌ی ئەم جۆرەی ناسیۆنالیزم بریتی‌یە لە خەبات دژی دەسەڵاتی "دەوڵەتی بێگانە". من دو جۆرە جیاوازیی سەرەکی لە"ستراتیجی بەرامبەر" باس دەکەم: بەرخۆدانی کەلتوریو خەباتی چەکدارانە. مەبەستم لە((بەرخۆدانی کەلتوری)) بەزیندویی هێشتنەوەی ژیانی روناکبیریی نەتەوەیە کەشێوەو ئاستەکانی بەگوێرەی ئاستی ستەمی دەوڵەت دەگۆڕێ.

هەروەها پێویستە جەخت لەسەر گرنگی‌ی ڕۆڵی جوتیاران لە پرۆسەکانی بەرخۆدانی کەلتوریدا بکرێتەوە. ڕەنگە وا هەست بکرێ کەبۆرجوازیی شارە گەورەکان لەگرتنە خۆی کەلتوری(( دەوڵەتی بێگانە))دا وەك پاسپۆرتێك بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، بەهەڵەدا چوبێ. ئەم مەسەلەیە لەئیسپانیای سەردەمی فرانکۆدا رویدا، چونکە لەوکاتەدا خەڵکی بارشەلۆن لەجیاتی زمانی ((کاتالان)) بەزمانی ئیسپانیایی قسەیان دەکرد، چونکە قسەکردن بەئیسپانیایی وای دەکرد ئەوان ئاسانتر بچنە ناوەندەکانی دەسەڵاتو نوخبەوە، بەڵام جوتیارەکان بەدەگمەن ئەو هەنگاوەیان ئەنجام دەدا، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتی‌یان هێندە ناوچەیی‌و سنوردار بوو بەجۆرێ هیچ بەرژەوەندی‌یەکیان لەمل دان بۆ بەرنامەکانی تواندنەوەی دەوڵەت نەدەبینی‌یەوە. کەواتە خێزانو کۆمەڵی بچوکی گوندەکان بەشێوەیەکی ئاسایی ڕۆڵێکی گرنگ لە بەزیندویی هێشتنەوەی زمانو نەریتەکاندا دەبینن.

ستراتیجی بەرامبەری دوەم، بریتی‌یە لە(( خەباتی چەکدارانە)) بۆ هێرش کردنە سەر توندوتیژی‌ی دەوڵەت کە لەلایەن ژمارەیەك گروپی ناسیۆنالیستەوە پەیڕەو دەکرێ. خەباتی چەکدارانە لەو گۆشەنیگایەوە کەپێ‌ی وایە دەوڵەت رەوایی لەدەستداوەو کاربەدەستانی رەسمی‌ی دەوڵەت هێزی "داگیرکەرن"و پێویستە هەلومەرجی جەنگی لەوڵاتدا دیاری بکرێ، هەوڵی لاوازکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەدا. بۆ ڕونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەکرێ جارێکی‌تر ئاماژە بۆ

ئیسپانیای سەدەی بیستەم‌و چالاکی‌ی بزاڤی جوداخوازی باسك(ئیتا) لەناوەڕاستی ساڵانی ١٩٥٠و ساڵانی١٩٦٠ بکەین وەك نمونەیەك لە بەرەنگاربونەوەی دیکتاتۆریەتی فرانکۆو ئەوگوشارە زۆرەی لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام درا. کاتێك خەباتی چەکدارانە لەسنوری دەوڵەتێکدا کەکەمینە نەتەوەکانی بەتوندی کەوتبنە ژێر ستەمەوە پەرە بستێنێ، لەوانەیە ئەم هەستە لەناو ئەندامانی ئەو کۆمەڵەدا دروست بێ کە ئەوان شەریکە بەشی تاوانەکانی دەوڵەتن، ئەمەش مانای وا نی‌یە کەسەرجەم ئەندامەکانی کەمینەیەکی نەتەوەیی پشتیوانی لە خەباتی چەکدارانە دەکەن یان بیریان بۆ ئەوە دەچێ کەئەمە باشترین‌و تاقە ڕێگایە، بەڵکو مانای وایە کەژمارەیەکی کەمیان فریوی دەوڵەتیان خواردوە، یان ئامادە نین هاوکاری‌ی ئەندامانی گروپە چەکدارەکان بکەن.

دەتوانرێ بوترێ کەترسی تۆڵە سەندنەوە یەکێکە لە بەڵگە گرنگەکانی هاوکاری نەکردنی بزاڤی کەمینەکەو لەمەش گرنگتر ئەم هەقیقەتەیە کەوەك پێرێزئاگۆتە دەڵێ، لەماوەی ساڵانی١٩٥٠و ١٩٦٠دا لەهەر خێزانێکی باسك، یەکێکیان یان یەکێك لەدۆستەکانیان لەزینداندا بوون یان ئاسەواری گوشاری ستەمکارانەیان لەسەر بوو.[xxxii] لەم هەلومەرجەدا هۆشیاری دەربارەی گەلاڵەبوونی کۆمەڵێك‌و پشگیری‌کردن لەزنجیرەیەك نوماو بیروباوەڕو ئیرادەی بڕیاردان لەمەیدانی چارەنوسێکی سیاسی‌ی هاوبەشدا، دەبنە مایەی بەهێزکردن‌و نەشونماکردنی ناسیۆنالیزم.

## ناسیۆنالیزم وەك ئایدۆلۆجیا

ناسیۆنالیزم وەك بنەمایەکی سیاسی باوەڕی وایە کەدەبێ نەتەوەو دەوڵەت هاوئاهەنگی یەکتر بن. ئەگەر ئێمە دیموکراسی‌و دەسەڵاتی خەڵکمان وەك بە بەهاترین شێوەی حوکمڕانی‌کردن قبوڵ بێ، ئەو کات مافی دیاری‌کردنی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان دەبێتە تەنها یەکێ لەئەنجامەکانی ئەم بیروباوەڕە. بەڵام ئایا ناسیونالیست لێی ڕادەبینرێ بتوانێ بەرنامە سیاسی‌یەکان دەوڵەمەند بکا؟ ئەگەر وڵاتێك لەژێر چەپۆکی تاقە" حزبێکی ناسیۆنالیزم"دا بێ، ئایا ئەم مەسەلەیە لەجۆری ڕێبازەکەی ئاگادارمان دەکاتەوە؟ حزبە ناسیونالیستەکانی دەوڵەتە نەتەوەیی‌یەکان‌و لەناو نەتەوە بێ دەوڵەتەکانیشدا، پێداویستی‌ی جۆراوجۆر دەستەبەر دەکەن‌و خەسڵەتی جیاجیا لەخۆ نیشان دەدەن. کاتێك نەتەوەو دەوڵەت هاوجوتی یەکتر بن، واژەی"ناسیۆنالیست" بەدەگمەن بۆ ناونانی حزبەکان بەکار دەهێنرێ، چونکە وا گومان دەکرێ کە سەرجەم حزبەکان ناسیونالیستن( ئەویش لەم سۆنگەیەوە کە ئەو نەتەوەیەی

ئەمان نوێنەرایەتیی دەکەن. دەوڵەتی خۆی هەیە). بۆیە بوونی ناسیونالیزم لێرەدا مەسەلەیەکی ئاسایی‌یەو پێویست بەبەکارهێنانی ئەم وشەو خەسڵەتەکانی لەسەرجەم حزبەکاندا نی‌یە. زۆر بەدەگمەن حزبێك وەك ناسیونالیست لەدەوڵەتێکی نەتەوەییدا خۆی دەناسێنێ. بۆ نمونە، ئەم مەسەلەیە کاتێك رودەدا کەحزبێك هەوڵی سەپاندنی سیاسەتێك بەمەبەستی فراوانکردنی خاکی دەوڵەتی نەتەوەیی بدا(وەك حزبی سوسیال ناسیونالیستی ئەڵمانیا پێش ساڵی١٩٣٩).

نمونەیەکی تر ئەوکاتەیە کەدەوڵەتی نەتەوەیی دەکەوێتە بەر هەڕەشەوەو حزب پشت بەناوەڕۆکی نیشتمانیی خۆی دەبەستێ، ئەوەش ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ تا بتوانێ پەنا بەرێتە بەر شێوەی ڕەفتارێکی تایبەتی هاوولاّتیان، (بەزۆری لەسەردەمی جەنگو تەنانەت لەسەردەمی ئاشتیشدا، پەنا بردن بۆ یەکپارچەیی نەتەوەییو بەها نەتەوەیی‌یەکان لەبەهێزکردنی یەکپارچەیی کۆمەلاّیەتیی سەرجەم هاوولاّتیاندا کاریگەرە). هەروەها ئەم نمونەیە بۆ ولاّتانی جیهانی سێهەم راستە، چونکە لەو ولاّتانەشدا ئامڕازی دەسەلاّت لەژێر رکێفی فەرمانڕەوایەکی بیانیدایە( بەزۆری کۆلۆنیالیست یان بەکرێگیراو)و ژمارەیەك حزب خۆیان بە"ناسیۆنالیست" نیشان دەدەن تا جەخت لەسەر ناوەڕۆکی تایبەت بەتاكو وابەستە نەبوونیان بەڕێکخراوەکانی تر بکەنەوە. دۆخێکی‌تر بریتی‌یە لەشێوەی سودوەرگرتنی سیاسەتمەدارەکان لەحیزبە ناسیۆنالیستەکان بۆ پاساودانی سیاسەتەکانیان. زۆر ئاسایی‌یە کەدەوڵەتە نەتەوەیی‌یەکان "پێویستیی قوربانیدان بۆ نەتەوە" بکەنە پەردەپۆشێك بۆ ڕەوایی دان بەزنجیرەیەك کاری تایبەت کەمایەی پەسەندی خەڵك نی‌یەو ئیدیعا بکەنو بڵێن "نەتەوەی ئێمە شایستەی هەوڵە"و هتد.

کەچی لەنەتەوە بێ دەوڵەتەکاندا روبەڕوی دیاردەیەکی بەتەواوی جیاواز دەبینەوە. لێرەدا دەوڵەتی ناوەند سەرگەرمی سیاسەتی تواندنەوەیەو گوێ ناداتە بوونی نەتەوەکانی تر لەناو خاکی خۆیدا. حزبە ناسیۆنالیستەکان کەنوێنەری کەمینە نەتەوەیی‌یەکانن لەهەندێ لەسیاسەتەکانی دەوڵەتدا وەدەر دەنرێنو ئەوانیش لەڕوی ناچاری‌یەوە بەنهێنی چالاکی دەکەن. هاوکاریی نێوان حزبە ناسیۆنالیستەکان لەوانەیە ببێتە هۆی کۆبوونەوە لەدەوری بەرنامەیەك کەگوزارشت لەداوا هاوبەشەکانیان بکا. یەکەمینو بنەڕەتی ترین ئامانجی ئەم حزبانە بریتی‌یە لەناچارکردنی دەوڵەت تا بوونو رەوایی یاسایی‌یان بەرەسمی بناسێ. دەوڵەت راشکاوانە بوونی نەتەوەکانی تر لەناو خاکی خۆیدا بەڕەسمی ناناسێ، بۆیە

دەوڵەتی ناوەند بۆی هەیە دیسانەوە داواکاریی ئەو حزبانە بۆبەشداربوون لەحکومەتدا فەرامۆش بکا، بەڵام دەوڵەتی ناوەند، بەتایبەتی کاتێ هەوڵ دەدا خۆی بە دیموکرات نیشان بدا، پێویستی بەوەهەیە تا ڕادەیەك ڕێز لەکەمینەکانی خۆی بگرێ. دەوڵەت بەزۆری ئامادە نی یە نازناوی "نەتەوەکان" لەو دۆخانە بنێ، چونکە ئەومەسەلەیە یەکپارچەیی ی دەوڵەتەکە وەك دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەق دەکاو بۆی هەیە ڕەوایی ی دەوڵەتەکە بخاتە مەترسی یەوە. ناوبردنی کەمینەکان بەنەتەوە پێویست بەداهێنانی زاراوەی تری وەك هەرێمەکان، کەمینە نژادیەکان، خەڵكو پارێزگا ئۆتۆنۆمەکان دەکا. کەوابوو لەدۆخی یەکەمدا ناسیۆنالیزم وەك فاکتەرێکی یەکخستنی نێوان ئەو حزبانە دەردەکەوێ کەبۆ درێژەدان بەژیانی" نەتەوە" خەبات دەکەن. ناسیۆنالیزم هەر هەڵاواردنێك لەدژی ئەو حزبانە لەبواری بەدەستهێنانی کالاّو سەرچاوەکاندا وەك یەکێ لە ئەنجامەکانی ڕێبازی حکومەت مەحکوم دەکا. بەڵام پاش بەدەستهێنانی ئاستێکی دیاریکراوی ئۆتۆنۆمی ی کەلتوریو سیاسی، هاوپەیمانی یەکان بەشێوەیەکی ئاسایی هەڵدەوەشێنەوەو جێگای خۆیان بۆ حزبی تازە چۆڵ دەکەن. هۆی ئەمە چی یە؟ بەڕای من کاتێك ناسیۆنالیزم چەند ئامانجێکی وەك( پێکهێنانی دەوڵەت، بوژاندنەوەی نەتەوە، پەرەپێدانو هاندانی بەرژەوەندیو کەلتوری نەتەوەیی) دەگرێتە بەر، چیتر ئەو ڕەوشانە نیشان نادا کەبۆ هێنانەدی ی ئەو ئامانجانە دەیگرێتە بەر. بەبۆچونی من، ناسیۆنالیزم وێنای ناوەڕۆكو ئامرازی کارکردنی حزبێك نانوێنێ، جگە لەو کاتەی کەئەو حزبە گوشاری توندو دژایەتی ی تەواوی دەوڵەت دەکا. بێ لەوە، ناسیۆنالیزم ئەوە دیاری ناکا کە دەبێ پەیڕەوەکانی پشتیوانی لە چ جۆرە سیاسەتێك بکەن. مرۆڤ بۆ ئەوەی بزانێ بۆ کوێ دەیەوێ بڕواو پێویستیەکانی چین لەدیاری کردنی ڕێڕەوو شێوەی بڕیاردان بۆ گەیشتن بەمەرام، ناتوانێ بەتەواوەتی پشت بەناسیۆنالیزم ببەستێ، چونکە لەم بوارەدا ناسیۆنالیزم بەتەنها بەس نی یە. بۆیە دەتوانین حزبە ناسیۆنالیستەکان بەپەیڕەوکاری ستراتیجی پارێزگارانەی مارکسیتی، سۆسیالستی، دیموکرات یان لیبڕاڵ لەقەڵەم بدەین.

کەوابوو ئەی بۆچی ناسیۆنالیزم تا ئەم رادەیە بایەخی هەیە؟ بەڕای من گرنگی ی ناسیۆنالیزم قەرزاری تواناکانیەتی لەنیشاندانی ئیرادەی خەڵکانێك کە توانای بڕیاردانیان لەبارەی چارەنوسی سیاسی خۆیانەوە هەیەو دەتوانن پەرە بەکەلتورو کەسایەتی ی خۆیان بدەن. ئەم لایەنانە بریتین لەهەمان کارکردی هەستی پاراستنی هاوبەستەگی ی

**کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلۆجی. لەجیهانێکدا ئەگەر پەیوەندیی باش لەنێوان کەلتورە جیاجیاکاندا هەبێ‌و دەوڵەتەکان هەست بەهیچ هاندانێك بۆ داگیر کردنی دەوڵەتە بچوکەکان نەکەن، ناسیۆنالیزم مانایەکی ئەوتۆی نابێ. بەپێچەوانەشەوە کاتێ بەئاشتی پێکەوە ژیانی سیستمی فرە کەلتوریی نەتەوەکان، لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچونی بەردەوامدا بێ، کاتێك وڵاتە دواکەوتوەکان لەڕوی ناچارییەوە جەنگ لەدژی چەوساندنەوەی دەرەکی بکەن‌و بەنائومێدییەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی برسێتیی دانیشتوانەکانیان، ڕێگاچارەیەك جگە لەڕونکردنەوەی هۆی برسێتییان نەبێ، لەوکاتەدا ناسیۆنالیزم دەبێتە ئامرازێکی بەهێزو بەسود بۆ پارێزگاری کردن لەکەلتور. ئەم مەسەلەیە بەتایبەتی بۆ ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانە راستە کە مەیلێکی زۆریان بۆ بەگشتی‌کردنی خۆیان هەیەو بەیەکێك لەئاکامەکانی پڕۆسەی بەجیهانیبوون دادەنرێ. نەمانی ناسیۆنالیزم لەجیهانی ئایندەدا بەتەواوەتی، لەوانەیە ئەنجامی گەڵاڵەبوونی کۆمەڵێکی ئاشتیخوازی نێودەوڵەتی بێ کەڕێز لەپێکەوە ژیانی فرە کەلتوری دەگرێ یان ئەوەتا ئەمە هێمایەکە بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی بەگشتی‌کردنی کەلتور لەجیهاندا.**

---

[i].Giner, S "La religion civil", Dialogo Filosofico September- December 1991, no.21(pp. 357- 86) pp.359-60.

[ii]Weber, M. From Max Weber: Essays in Sociology, p. 78.

[iii] **هەروەها کوێت نمونەیەکی ترە. ساڵی ١٩١٣ پاش مۆرکردنی پەیمانێکی نهێنی لەنێوان تورك‌و ئینگلیز: سنوری کوێت دیاری کرا، کە ئەمەش تەنها یەکێکە لەو نمونە زۆرانەی گۆڕینی سنور بەهۆی زلهێزە ئیمپرالیستەکانەوە.**

**هەروەها بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:**

-Jenkins "Shifting sands", P.12.

[iv]Gellner, Nations and Nationalism, p.1.

[v]Giddens, The Nation- State and Violence, p.116.

[vi]Kohn, Nationalism, p.9.

[vii]Kedourie, Nationalism, p.58.

[viii]Herder, On Social and political Culture, p. 324.

هەروەها بڕوانە

-Berlin, Vico and Herder,

Barnard, Herder’s Social and Political Thought

[ix] بڕوانـــە بەرهەمـــەكانی Shils وgeertz و fishmanدەربـــارەی گرنگی‌ی ئەوەی كە سمیپ بـە پەیوەنـدی" بنچـینەیی" لەسـەر بنـەمای زمـان، ئاین، نژاد ، نەتەوەو خاك ناوی بردووە.

[x]Gellner, Nations and Nationalism, p.55.

[xi]Gellner, “Ethnicity, Culture, Class and Power”, pp.237-40.

[xii]Giddens, The Nation- State and Violence, pp.116-19.

[xiii]Anderson, Imagined Communities, p.14.

[xiv]Armstrong, Nations before Nationalism, p.5.

[xv]Williams, When was Wales?, p.3.

[xvi]Huizinga, “Nationalism in the Middle Ages”, p.20.

[xvii]Ibid. P. 17.

[xviii]Smith, A.D. The Ethnic Orgins of Nations, P. 89.

[xix]Ibid. PP. 136- 7

[xx]Heater, Citizenship, P. 21.

[xxi]Ibid. P. 23.

[xxii]Kedourie, Nationalism, P. 16.

[xxiii]Ibid. P. 70

[xxiv]Kohn, Nationalism, P. 26

[xxv]Heater, Citizenship, P. 57.

[xxvi]Ibid. P. 8

[xxvii]Giddens, The Nation- State and Violence, PP. 281- 2.

[xxviii].Gellner, Nations and Nationalism, PP. 37-8.

[xxix]Ibid. P. 38.

[xxx]Giddens, The Nation- State and Violence, P. 199.

[xxxi] بۆ رونكردنەوەی زیاتر لەسەر ناسیونالیزمی باسكو پەرەسەندنی لەسەردەمی دیكتاتۆری‌یەتی فرانكۆدا بڕوانە:

-Perez- Agote, A. El nacionalismo vasco a la salida del franquismo.